دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٤٨، شەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢٠ ئاوریلی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

- حیزبی دێموکرات پێشوازی لە بڕیاری ئامریکا کرد
- هێرشی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
- حیزبی دێموکرات پێشوازی لە هەیئەتێکی ڕۆژنامەنووسی فەرانسەوی و ئامریکایی کرد



پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بۆ...

٤



بەدی کردنی دوو وەرچەرخان لە پەیامی...

٦



گوزەرانی خەڵکی ئێران لە ساڵی داهاتوودا

٨



وتووێژی کوردستان

١٠

# سوپایەک بۆ پاراستنی سەرچاوەی تێرۆر




سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دامەزراوەی دەستی خومەینی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، دوای چەندین ساڵ کوشتار، تێرۆر و جەنایەت؛ لە ئاستی نێونەتەوەییدا ناسنامە و نازناوی ڕاستەقینە و شیاوی خۆی وەرگرت و جلی تێرۆری بە فەرمی پۆشی.

ڕێکەوتی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، ڕێکخراوی سپای پاسدرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساند و بە فەرمی ناسینی ئەو ڕێکخراوەیە لە لیستەی گرووپە تێرۆریستییەکاندا لە لایەن دەوڵەتی ترامپەوە تەئید کرا.

ئەمە یەکەمین جار بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا یەکەیەکی نیزامیی وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بناسێنێت.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، زۆربەی سەرچاوە هەواڵدەرییەکان لە زاری بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە، چەندین هەواڵ و ڕاپۆرتی جیاوازیان لەسەر بە تێرۆریست ناساندنی سپای تێرۆریستی پاسداران و خستنە نێو لیستی تێرۆریستییەوە بڵاو کردووەتەوە، کە دژکردەوە و هەڕەشە توندی بەرپرسانی سیاسیی ڕێژیم و سپای تێرۆریستی پاسدارانی لێ کەوتووەتەوە.

سپای پاسداران هەتا ئێستا سەدان تێرۆری لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران ئەنجام داوە و ئێستا لە سەرەکیترین پشتیوانانی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی وڵاتانی دیکە دێتە ئەژمار و هاوشێوەی ڕێکخراوگەلی وەک داعش، ئەلقاعیدە و حەماس حیسابی بۆ دەکرێت.

وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی سعوودیە، ئەو بڕیارەی ئامریکا وەکوو بڕیارێکی دروست وەسف کرد و پشتیوانی لەو بڕیارە کرد.

جان بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئەمنییەتیی کۆشکی سپی، وێڕای پێشوازی لەو بڕیارە هۆشداری دا کە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیە نابێت هیچ پێوەندییەکتان هەبێت.

برایان هۆک، بەرپرسی کاروباری ئێران لە وەزارەتی ئامریکا، دوای ئەو بڕیارەی ئامریکا وتی: "سپای پاسداران لە کاتی دامەزراندنیەوە بەردەوام هەڕەشەی لە هێزەکانی ئامریکا کردووە".

"ئیلهان عومەر"، نوێنەری موسڵمانانی ئامریکا لە مەجلیسی نوێنەرانی ئامریکادا، بە نیسبەت ئەو بڕیارەی ئامریکا هۆشداری داوە کە ئەوە دەبێتە هۆی هەڵایسانی شەڕ.

مایک پۆمپێئۆ، وەزیری دەرەوی ئامریکا، لە بارەی ئەو بڕیارەی ئامریکا وتی: "گرینگترین کەرەستەی ئێران بۆ ئاراستەکردنی شەڕی تێرۆریستیی لە جیهاندا سپای پاسدارانە".

بەرپرسانی دەوڵەتی ئامریکا، پێشوازییان لەو بڕیارەی ئامریکا کردووە، کە ڕێکخراوی سپای وەک تێرۆریست ناساند.

بێنیامین نێتانیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، لە پەیامێکی توویتێریدا، دەسخۆشی لە بڕیارەکەی ئامریکا کرد.

هەروەها "یوورگێن هارت"، وتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی حیزبی دێموکرات مەسیحیی ئاڵمان، لە لێداوانێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "دی وێڵت" پشیوانیی لە بڕیارەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کردووە و خوازیاری ئەوە بووە کە کارێکی هاوشێوە لە لایەن وڵاتی ئاڵمانیشەوە بەرانبەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بکرێت.

هاوکات لە کردەوەیەکی گاڵتەجاڕیدا بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیم ئێران لە دانیشتنی فەرمی مەجلیسدا، بە جلوبەرگی ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە دەرکەوتن.

ئەم نوێنەرانە کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، خۆیان وەک خەمخۆر و هاودەردی خەڵک پیشان دەدەن، سەلماندیان کە دەستنیشانکراوی ڕێژیمی ئێرانن و نوێنەری داخوازییەکانی خەڵکی مافخوراوی ئێران نین.

خەڵکی ئێران کە سپای تێرۆریستی پاسداران بە سەرچاوەی پەرەپێدانی هەژاری، بێکاری، سەرکوت، گەندەڵی، بەفیڕۆدانی سامانی وڵات و هەموو قەیرانەکان دەزانن، بەتەواوەتی بۆیان دەرکەوت کە ئەو کەسانەی کە خۆیان بە نوێنەری خەڵک دەزانن، بەشێکن لە مۆرەکانی ئەم ڕێژیمە پاوانخوازە.

شۆرای باڵای ئەمنییەتی میللیی ڕێژیمی ئێرانیش، چەند کاتژمێر پاش ڕاگەیاندنی فەرمیی ئامریکا سەبارەت بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، ئەم بڕیارەی بە نایاسایی و مەترسیدار ناو بردووە.

بەڵام لە هەموو ئەم دژکردەوانە گرینگتر بۆ ئێمەی کورد، بڵاوبوونەوەی پەیامی لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە ڕوو لە ئەندامانی کوردی نێو سپای پاسدارانە کە لە ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوە بڵاو کرایەوە و تێیدا بەڕێزیان وێڕای هۆشداری دان بەو کەسانەی کە چەکی ڕێژیم و سپای پاسدارانیان هەڵگرتووە ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندوون کە: " کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چل ساڵی تەمەنی خۆیدا هەوڵی داوە، کۆمەڵێک کوردی سەرلێشێواو وەک جاش پاسدار، بەسیجی و... هتد لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا بەرهەم بێنێت. بەڵام ئەگەر ئەو کەسانە تا دوێنێ وەک هاوکاری کۆماری ئیسلامی هەژمار دەکران، لەمڕۆ بەولاوە وەک تێرۆریست دەناسرێن و وەک ئەوان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بۆیە ئەمە وەک کۆتازەنگی خەتەرە بۆ ئەو ژمارە کوردانە."

ڕاشیگەیاندووە: " جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە، کە ئێمە بێجگە لە کۆماری ئیسلامی هیچ دوژمنێکی ترمان نییە. لەم کاتەشدا و لە داهاتووشدا نامانەوێت هیچ کوردێک وەک تێرۆریست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بۆیە داوا دەکەین و چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە ئەو کەسانە تا درەنگ نەبووە، لە ئەندامەتی هەموو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەتایبەت سپای پاسداران دوور بکەونەوە. ئەگەر تا دوێنێ بە هەر هۆیەک ئەندامی ئەم دەزگا و دامەزراوانە بوون، لەمەودوا هیچ بیانوویەک نەماوە، چونکە تاوانی ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی تێرۆریست، بە هیچ بیانوویەک پاساوهەڵگر نییە."

دەقی پەیامی لێپرساوی گشتی حیزب لەم ژمارەی "کوردستان"دا دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی خۆشەویست.

## پەیڤ

## فاشیزم لە بەرگی چەپدا

### کەریم پەرویزی

بیر و هزری چەپ لە بنەمای خۆیدا بریتی بووە لە ڕەخنەگری و وەدوای دادپەروەی کەوتن، بۆیەش بەردەوام بیری یەکسانیی مرۆڤ و یەکسانیی نەتەوەکان لە دڵەخورپەکانی چەپێکی ڕاستەقینە بووە. بەڵام لە هەمانکاتدا ڕەوتی بەلاڕێداچوو هەبووە کە بەڕواڵەت چەپنوێن بووە، بەڵام گەر لە قووڵایی بیرکردنەوە و دەربڕینەکانی ورد دەبیتەوە، فاشیزمێکە کە لە بەرگی چەپدا خۆی حەشار داوە.

لە سەرەتای دەست بە سەردەسەڵاتدا گرتن لە لایەن ڕێژیمی خومەینییەوە، هەندێک ڕێکخراوی چەپ هەبوون کە سەرانی ئەو ڕێکخراوانە لە ژێر ناوی ئینقلابیگەریدا، پاڵپشتییان لە تاوانکاری و ستەمکارییەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی کرد و ڕێگای سەرکوتی گەلان و بەتایبەت گەلی کوردیان بۆ جەللادەکانی جەماران خۆش دەکرد.

دوای چوار دەیە لەو مێژووە تاڵە، هەندێک لە پاشماوەکانی ئەو بیرۆکە بەڕواڵەت چەپ و لە نێوەڕۆکدا فاشیستییە، ئێستاش بە ناوی جۆربەجۆرەوە، هەر پاساو بۆ درێژەکێشانی تەمەنی ڕێژیمی تاوانباری ویلایەتی فەقیهی دەهێننەوە.

پاشماوەی ڕێکخراوی فیداییان ڕەوتی بەناو ئەکسەریەت، کە چل ساڵ پێش وەپێش پاسداران دەکەوتن بۆ سەرکوتی خەڵک، ئێستاش لە سەر بنەمای کۆنەڕقیان لە کوردستان و حیزبی دێموکرات، ڕاگەیەنداو دەردەکەن و خەمباری و پەژارەی خۆیان لە هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات دەردەبڕن. ئەوان لەوە داخدارن کە حیزبی دێموکرات سوپای پاسدارانی پێ تیرۆریستە!

ئەم کەسانە کە لەم ماوەی دواییدا، ناوی ریکخراوەکەیان گۆڕی بۆ حیزبی چەپی ئێران (فیداییان خەڵق)، وادیارە کە هێشتاش لەم جیهاندا تەنیا دوو دوژمن دەناسن، ئامریکا و حیزبی دێموکرات و لە کاتێکدا کە سوپای پاسداران دەخرێتە لیستی تیرۆریستییەوە، ئەوان بیر لە ئازارەکانی خەڵک کە بەدەست سوپای پاسدارانەوە کێشاویانن ناکەنەوە بەڵکوو تەنیا بەدوای بیانوویەک دەگەڕن بۆ هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

لە ڕاگەیەنداوی پڕ لە شەرمیان کە ڕۆژی ٢٣ی خاکەلێوە دەریان کردووە، داخدارییان بەنیسبەت هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەردەبڕن و بە دوور و درێژی دەیانهەوێ ئەم ڕقە مێژووییەیان و پاشخانی فاشیستیان لە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ناوەندی هاوکاری: نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات یەکێک لە بەرچاوترین قوربانیانی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە، پێویست بوو زۆر زووتر لە ئێستا، ئامریکا و ڕۆژئاوا ئەو بڕیارەیان بدایە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیەنراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران

ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٨ی ئاڤریلی ٢٠١٩ی زایینی، دانڵد ترامپ، سەرۆکی ئامریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی لە ڕیزی گرووپە تێرۆریستییەکان دانا و بەو نزیکانەش وردەکاریی ئابڵۆقەکانی سەر ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە ئاشکرا دەکات.

لەپاش نزیکەی ٤٠ ساڵ لە دامەزراندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم، ئەم هەڵویستەی دەوڵەتی ئامریکا ئەگەرچی درەنگ بوو، سەرەڕای ئەوەش لە لایەن گەلانی ستەملێکراوی ئێران و بەتایبەتی خەڵکی کوردستانەوە بە ئەرێنی سەیر دەکرێت، کە یەکەم گۆڕەپانی تاوانە دژەمرۆیی و تیرۆریستییەکانی پاسدارانی ڕێژیم، کوردستان بووە. ئەوەی کە سپای پاسدارانی ڕێژیم لە نێوەڕۆکی خۆیدا هێزێکی سەرکوتکەر، تیرۆریست و دەستێوەردەر لە وڵاتانی دوور و نزیک بەتایبەت وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، نە بۆ خەڵکی ئێران و نە بۆ زۆربەی وڵاتان جێگای گومانی نەهێشتووەتەوە و جێگرتنی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکاندا پڕ بە پێستیەتی.

ئەم بڕیارەی سەرکۆماری ئامریکا لە کاتێکدایە، کە ماوەی ٤ دەیەیە سپای تیرۆریستی پاسداران دژ بە گەلانی ئێران و بەتایبەت دژ بە گەلی کورد بە کوشتن و زیندان و ڕفاندن لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران و تۆپباران و مووشەکبارانی بارەگاکانی هێزە کوردییەکان کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام دەدات. لەحاڵێکدا پێویست بوو زۆر زووتر لە ئێستا و پێش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وڵاتانی ئورووپایی و یەکیەتیی ئورووپا ئەو پێویستییەیان ئەنجام دابا، کە بەشێکی بەرچاوی تێرۆرەکانی سپای پاسداران لە وڵاتانی ئەوان بە ئەنجام گەیشتوون و سەروەریی خاک و دەسەڵاتی ئەوانی پێشێل کردووە. تەنانەت پاش تێرۆری غوڵامی کەشاوەرز لە لارناکای قیبرس و کاک سدیقی کەمانگەر لە باشوری کوردستان و دواتر دوکتور قاسملوو لە ڤیەن، زۆر نیشانەکان ئەو ڕاستییەیان دەرخست و لەوە زیاتریش پاش تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بێرلین و پێداگریی دەزگای قەزاییی ئاڵمان بۆ درێژەدان بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو تێرۆرە تا بە ئاکامگەیشتن و تێرۆری سەدان هەڵسووڕی سیاسیی دیکە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەزگا ئیتلاعاتییەکانی لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدا لە لایەن دادگایەکی بەناوبانگی ڕۆژئاوایی بە ئەمردەری ئەو تێرۆرە بە جیهان ناساند. بەداخەوە ئورووپاییەکان تەنیا بە هێندێ هەڵویستی ناشوێندانەر وەک بانگکردنەوەی باڵوێزەکانیان لە تاران بۆ ماوەیەکی کورت قەناعەتیان کرد.

لە ئێستادا سپای پاسداران تەنیا هێزێکی سەربازیی سەرکوتگەر نییە، بەڵکوو لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو جومگە ئابووریی، سیاسی و سەربازییەکانی ئێرانی بە دەستەوە گرتووە و بۆ پاراستنی بنەماکانی ویلایەتی فەقیه و هێشتنەوەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دروستکردنی سپای قودس هەموو ئامرازێکی دژە ئینسانی و تێرۆریستی بەکار هێناوە و بەکاری دێنێت.

سپای پاسداران جێبەجێکاری سیاسەتی پاوانخوازانەی ڕێژیم بەناو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بووە و بە دروستکردنی دەیان ڕێکخراوی تێرۆریستیی دیکە لەژێر ناوی جۆراوجۆرەوە دەستی لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە وەك عێراق، سووریە، لوبنان.... وەرداوە و بۆ پێکهێنانی هیلالی شێعە بە خەرجکردنی بوودجەی خەیاڵی و لە ڕێگەی تێرۆر و کوشتن هەوڵ بۆ دروستکردنی هیلالی شێعە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدات. هەر ئێستاش سپای پاسداران بە پشتیوانی لە هێزە توندڕەوە شێعەکان لەوانە ١٥ گرووپی چەکدار لە عێراق، سووریە و لوبنان پشتیوانیی دارایی و لۆجستیکی دەکات، بۆیە بڕیاری ئابڵۆقەی سپای پاسداران دەبێت گورزی کاریگەر لەو سامان و سەرمایە زەبەلاحە بدات، کە سپا کۆی کردووەتەوە و پشتیوانی گەورەی مانەوەیەتی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە بەشێک لە وڵاتانی ناوچە هەم هێزی سەربازیی ئەو سپایە و هەم هێزی سەربازیی ئامریکایان لێ جێگیرە، ئەگەری تێکهەڵچوونی سەربازیی لەو ناوچەیە زیاد دەکات و تاوانی ئەو قەیرانە نیزامییەش ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی سپای پاسداران و ڕێژیمی ئێرانە، کە هەتا ئێستاش لە هەموو شەڕەکانی ئەو ناوچەیە لایەنگری ئاژاوە و تێرۆر بوون. هاوکاتبوونی درێژکردنەوەی سزاکانی یەکیەتیی ئورووپا لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە لە لایەن شۆرای وەزیرانی یەکیەتیی ئورووپا دەربڕی، ئەو ڕاستییەیە کە یەکیەتیی ئورووپاش سەرەڕای ڕاگەیاندنی پێبەندبونی بە بەرجام، بەڵام ناتوانێت لە ئاست سیاسەتی تیرۆریستی و ئاژاوەگێڕانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بێدەنگ بێت. بەتایبەت کە ڕەفتاری تێرۆریستیی سپای پاسداران لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا لە لایەن چەند وڵاتی ئورووپاییەوە بە ئاشکرا لەقاو درا و لە بەرانبەر چالاکییە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا سکاڵایان بۆ سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردووەتەوە.

دەرچوونی بڕیاری بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم، دەرئەنجامی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامییە لە ئێران و ناوچەکەدا. نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە یەکێک لە بەرچاوترین قوربانیانی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران و زەجرچێشتووی ڕەفتاری سەرکوتکارانەی سپای پاسداران بووە و هەیە و سەدان تێکۆشەری کورد تێرۆر کراون .

ئەو ڕاستییەش لە بەرچاوە هەتا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواویەتیی خۆیدا بمێنێت، ئەستەمە ئەم ناوچەیە ڕووی ئارامی و ئاسایش بە خۆ ببینێت و تێرۆریزم ڕیشەکێش ببێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی**
**٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٩ی ئاڤریلی ٢٠١٩ی زایینی**

# حیزبی دێموکرات پێشوازی لە بڕیاری ئامریکا کرد




حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشوازی لە بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم، لە لایەن ئامریکاوە کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بڵاوکردنەوەی تویتێک لە تویتێری فەرمیی خۆیدا، لە خستنەنێوی سپای پاسدارانی ڕێژیم، لە لیستی "ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان"دا پێشوازی کرد و ڕایگەیاندووە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کوردستان، پێشوازی لە بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە لایەن ئامریکاوە دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو بارەوە دووپاتی کردووەتەوە: سپای پاسدارانی ڕێژیم هێزی سەرەکییە بۆ سەرکوت و داپڵۆسین و توندوتیژی لە نێوخۆ و دەستێوەردانی تێکدەرانە لە دەرەوەی ئەو ڕێژیمە.

بەپێی ئەو بڕیارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، دووپرسیار دێتە ئاراوە: هەڵویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بەو بڕیارەی ئامریکا بە نیسبەت بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم چییە؟ کاریگەریی ئەو بڕیارە لەسەر کاری پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی خەباتی کورد چ دەبێت؟

لە وڵامی ئەم پرسیارانەدا، "لوقمان ئەحمەدی" ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسی لەوە کردووە: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پشتیوانی ئەو هەڵویستەی ئامریکا دەکات. هەڵویستێکە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمێژە هەوڵی بۆ دەدات، کە نەتەنیا ئامریکا بەڵکوو باقی وڵاتە دێموکراتیکەکانی دنیا سپای پاسداران و ڕێژیمی ئیسلامی ئێران وەکوو خۆی بناسێندرێت. سپای پاسداران دامودەزگایەکی کۆماری ئیسلامییە کە نەتەنیا لە نێوخۆ بۆ داپڵۆسین و زەبروزەنگ بەرانبەر بە خەڵک بۆ پاراستنی ڕێژیم کار دەکات، بەڵکوو دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە لە ڕێگەی سپاوە کراوە و ئەو هەموو شەڕ و ئاژاوە و تێرۆریزمە کە لە ناوچەکەدا دەبینرێت، بەشێکی هەرەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ سپای پاسداران، هەر بۆیە حیزبی دێموکرات پشتیوانی لێ دەکات و هیوادارە وڵاتانی دیکەش ئەو هەڵویستە بگرنە بەر.

ئەحمەدی وڵامی پرسیاری دووهەمدا کە کاریگەریی ئەو بڕیارە لەسەر کاری پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی خەباتی کورد چ دەبێت باسی لەوە کرد: "دیارە ئەوە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێت کە خەباتی خەڵکی کورد و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر یەکدا دابنین و ئەمە فەرق و جیاوازی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و کردەوەکانی ڕێژیم بەرانبەری، زیاتر دەردەخات، دەرفەتی دیکەشمان بۆ دێتە پێشێ کە دەرگای دیکەمان بۆ بکرێتەوە و ئەگەری هەیە لە ڕێگەی ئەو خەباتەی ئێمە بەڕێوەی دەبەین، بە شێوەیەک لە شێوەکان وڵاتگەلێکی زیاتریش پشتیوانیمان بکەن و هیواشمان ئەوەیە، مەنتقیترین شتیش بۆ ئەو وڵاتانەی کە بیانەوێت ڕووبەڕووی کردەوە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران ڕاوەستن، پشتیوانیکردنە لەو هێزانەی کە دژبەرین و لە بەرانبەریدا ڕادەوەستن".

ڕۆژی دووشەممە ١٩ی خاکەلێوە، "دانڵد ترامپ"، سەرکۆماری ئامریکا، لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا، سپای پاسدارانی ڕێژیمی خستە نێو لیستی "ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە"، کە ئەمە یەکەم جارە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا، ڕێکخراوی نیزامیی دەوڵەتێک، وەکوو گرووپێکی تێرۆریستی بناسێت و ئەم بڕیارەی ترامپ لە بەرەبەرەی یەکەم ساڵی هاتنەدەرەوەی ئامریکا لە "بەرجام" بووە.

# هێرشی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران




ماڵپەڕەکانی سەربە ڕێژیمی ئێران، بە نیسبەت یەکگرتوویی کورد نیگەرانن و هێرشیان کردووەتە سەر ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە نیسبەت یەکگرتوویی کورد نیگەرانی دەربڕیوە و لە ماڵپەڕەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتدا، هێرشیان کردووەتە سەر ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و لەم ڕێگایەوە هەوڵی تۆمەت خستنە پاڵی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیان داوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئیرادەی هاوبەشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پێک هاتووە و بە کەڵکوەرگرتن لە بیری هاوبەش لە پێناو دەستەبەرکردنی یەکڕیزیی کردار و خەباتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کار دەکات.

پێکهێنانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، هەنگاوێکی کردەیی بوو بۆ کار لە پێناو دەستەبەربوونی ئامانجە هاوبەشەکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان، کە لە پێناو دەستەبەربوونی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کار دەکەن.

هەر لە سەرەتای پێکهاتنی ئەم ناوەندەوە هەتاکوو ئێستا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت یەکدەنگی و یەکئامانجی ئەو حیزبانە دژکردەوەی جیاوازی نیشان داوە و گەلێک بانگەشەی ناڕاستی لەو پێوەندییەدا کردووە.

ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی (٩/١/٢٠١٨ی زایینی)، دوای چەند کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی، بڕیاری پێکهێنانی ناوەندێک بە مەبەستی ڕێکخستنی هاوکاریی نێوان حیزبەکان درا و لە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاویدا، ئەو ناوەندە بوونی خۆی ڕاگەیاند و بەفەرمی دەستی بە کارەکانی کرد.

# قارەمانانی دێموکرات بە چەند بۆنەی جیاوازەوە لە کوردستان چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد



تێکۆشەرانی دێموکرات، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ـ ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ـ، سەردانی گڵکۆی پێشەوایان کردووە و لەسەر مەزاری پێشەوا وێنەی شەهید "کاوە جەوانمەرد"یان داناوە.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لەو چالاکییەدا، پەیمانیان لەگەڵ ئامانجی کۆمار و ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە، کە هەتا دوایین ساتەکانی ژیان وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان دەبن.

هەروەها بنەماڵەی شەهیدانی ئاڵیکەند، لە شاری بۆکان سەردانی مەزاری شەهیدانیان کرد و لەگەڵ ئامانجەکانیان پەیمانیان نوێ کردەوە.پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات سەردانی گڵکۆی شەهید دوکتور سوڵتانیان کرد و سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ ئەو دایکە قارەمانە دانەواند.

لەلایەکی دیکەشەوە ، قارەمانانی دێموکرات، لە شاری پیرانشار بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، لە چەندین شوێنی وەک :" کەمربەندیی ئیمام جومعە ، بلواری کوردستان، فەلەکەی مامۆستا نالی ، فەلەکەی هەواشناسی، شیناوێ، سێڕای شەهرەک ، خیابانی ٢٤ میتری" بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ١٠ی خاکەلێوە لەگەڵ ئامانج و ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە.

، ڕۆژی هەینی ١٦ی خاکەلێوە، لاوانی شۆڕشگێڕ و ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە زۆربەی گوندەکانی ناوچەی "دەشتەبێڵی شنۆ"، بە بۆنەی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەو شوێنانەی چالاکییان تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە: "گوڵماوەران، ڕەشگوند، ئیسلاملوو، دوربە، تەرسەبڵاغ، دۆستەک، گرکاکوڵ، سیاوان، ئاغبڵاغ، شیوەبیرۆ، گوندی مەلاعیسا، سێ کانی و هەروەها لە جادەی نێوان شنۆ و دەشتەبێڵ".

لەو چالاکییانەدا ئەمەگدارانی ڕێبازی شەهیدان لە ناوچەی دەشتەبێڵ بە بڵاوکردنەوەی "تراکت"، "پۆستێر" و "بڵاوکراوە"ی تایبەت بە ڕۆژی شەهیدان، پەیمانیان لەگەڵ ڕێگا و ڕێبازی پڕسەروەری شەهیدان نوێ کردەوە و ئەمەگدارییی خۆیان بەرانبەر بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەربڕیوە.

هەروەها باڵندەکانی کۆسالان لە پاوە، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە نێوان دوو مۆڵگەی سەر بە سپای تیرۆریستی پاسدارانی ڕێژیم، پشتیوانییان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی پێشمەرگە کرد.

ئەو شوێنانەی ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لێ هەڵکراون، بریتین لە:

ڕێگای نێوان بنکەی سپای تێرۆریستی پاسداران لە "دووریسان" و "پایگای پاسەوانی سنووری گشتیی پاوە"، پایەگای بەسیجی وەحدەتی ئیتلاعاتی گشتی پاوە"، "فەلەکەی فەرمانداری هەڵکەوتوو لە دەکەڵی هەواری کوتێڵ" و " شاخەکانی ئاتەشگا" کە نزیکەی ٦٠٠ مێتر لە شاری پاوە دوورە کە لە گوندەکانی "نۆریا، خانقا، شارۆچکەی چۆڕژی، دووریسان، بەندەرە، سەرکران، نۆسمە، شمشێر، دشە، دەرەویان، مەیوان، سەریاس، میراوڵی، ئاریەت، بانەوڕی، تین زەردووی و تازاوا" شەکانەوەی ئاڵای کوردستان دەبیندرا.

هەر لەم پێوەندییەدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە نووسینی دروشمی "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، "بژی ڕاسانی شار" و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و جامانە، لە کێوی ناڵەشکێنە و گەڕەکی مەجبوورئاوای شاری بۆکان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان، بۆ پشتیوانی لە خەباتی پێشمەرگە و ڕاسان بەڕێوە برد.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی سێشەممە، ٢٧ی خاکەلێوە، پێشمەرگەکانی شار لە "کانی دینار"ی مەریوان بە بۆنەی بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم و پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا، بە نووسینی دروشمگەلێک وەک: "ئاگاداریی حیزبی دێموکرات: جاشەکانی سپای پاسداران هوشیار دەکەینەوە"، "هۆشداریی حیزبی دێموکرات: جاشە تێرۆریستەکانی سپا دەست لە خەیانەت هەڵگرن"، "بژی حیزبی دێموکرات، بڕووخێ ڕێژیمی سێدارە، بژی حدکا"، "جاشەکانی تێرۆریستی سپا بکشێنەوە"، "بژی حیزبی دێموکرات" هۆشدارییان بە خۆفرۆشان داوە و داوایان لێ کردوون تا درەنگ نەبووە بگەڕێنەوە باوەشی گەل.

هەروەها خاکیپۆشانی شار لە درێژەی چالاکییەکەیاندا، پەیامێکیان ڕوو لە خۆفرۆشان بڵاو کردووەتەوە، کە تێیدا هاتووە:

چاوەڕوانی فەرمانین

ئێمە پێشمەرگەکانی شار لە "کانی دینار" بەپیریی پەیامەکەی کاک "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دێین و ئامادەین لە پێناویشیدا گیانمان بەخت بکەین.

کۆتا قسەمان ئەوەیە، بینەوە ڕیزی گەل، دەنا دەکەونە بەردەستی دادگای گەل.

شەوی پێنجشەممە، ٢٩ی خاکەلێوە، ئەندامانی و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شارۆچکەی"گوێک تەپە"، سەربە شاری مەهاباد، بە بۆنەی بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم و پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شارۆچکەی گوێک تەپە سەربە شاری مەهاباد، تراکت و پۆستێری تایبەت بە "بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران"یان بڵاو کردەوە.

بەمەبەستی پشتیوانی لە پیشمەرگەکانی شاخیش هێزەکانی شار چالاکییان ئەنجام دا کە بەکورتی بەم جەشنەیە:

چالاکانی سیاسی و ئەندامانی حیزب، لە کێوی ناڵەشکێنە و گەڕەکی مەجبوورئاوای شاری بۆکان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان، بۆ پشتیوانی لە خەباتی پێشمەرگە و ڕاسان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە نووسینی دروشمی "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، "بژی ڕاسانی شار" و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و جامانە، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دەربڕی.

# حیزبی دێموکرات لە ٣١مینساڵیادی ئەنفالدا بەشداری کرد



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریی لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ٣١مین ساڵیادی قوربانیانی شاڵاوی بەدناوی ئەنفالدا لە گەرمیان کرد.

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی لیژنەی باڵای وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "ئیسماعیل ڕەحمانی" بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی، بە هاوڕێیەتی بەشێک لە ئەندامانی دەزگای گشتیی پەیوەندییەکان بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ٣١مین ساڵیادی قوربانیانی شاڵاوی بەدناوی ئەنفاڵ لە گەرمیان و لە شاری کەلاردا کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا، نوێنەرنی حکوومەتی عێراق،حکوومەتی هەرێمی کوردستان، و ئەندامانی پارڵمانی عێراق و کوردستان بەشدار بوون و لە چەندین برگەی جیاوازدا بە خوێندنەوەی پەیامی حکوومەتی عێراقی فێدراڵ و هەرێمی کوردستان یاد قوربانیانی ئەم کارەساتە جەرگبڕە بەرز ڕاگیرا.

لە ڕێوڕەسمەکەدا ئاماژە بە بروسکەی ماتەمینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا و لە کۆتاییدا لە پرۆتۆکۆلێکی فەرمیدا تاجە گوڵینەی حیزبی دێموکراتیان لەسەر مۆنۆمێنتی یادی ئەنفاڵکراوان دانا.

# حیزبی دێموکرات پێشوازی لە هەیئەتێکی ڕۆژنامەنووسی فەرانسەوی و ئامریکایی کرد



هەیئەتێکی ڕۆژنامەنووسی فەرانسەیی و ئامریکایی سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوە، هەیئەتێکی ناسراوی ڕۆژنامەنووسی فەرانسەیی و ئامریکایی کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئامریکایی "جاناتان ڕندل" و خاتوو "ئەدیت"(Edit) ڕۆژنامەنووسی فەرانسەویی و خێزانی نووسەری بەناوبانگ "کریس کوچێرا" کە هەردووکیان لە دۆستە هەرەنزیکەکانی شەهید دوکتور قاسملوو وحیزبی دێموکراتن سەردانی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن بەرێز "محەممەدنەزیف قادری" جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

لەم دانیشتنەدا وێڕای بەخێرهاتنی بەڕێزان بە ناوی "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتی حیزبەوە و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە لە لایەن بەرپرسی دەزگای پێوەندییەکان، خوشحالی خۆیان لە سەردانەکەیان دەربڕی.

هەرکام لە بەڕێزان کۆمەڵێک پرسیاریان لەسەر ڕەوشی سیاسی ئێران وشوێندانەری تەحریمەکان، دۆخی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی ئێران، ڕەوشی کوردستانی ئێران و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕوانینی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت ڕەوشی سیاسی ئێران، پرسی کورد ئاستی هاوکاری و هاوخەباتی لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان باس کرد .

دواتر پرسیارەکان لە لایەن "محەممەدنەزیف قادری"، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتی وڵامی درایەوە، لە ئاکامی ئەو ڕاگۆڕینەوە وەرگرتنی وڵامی پرسیارەکانیان هەیئەتی میوان وتیان: ئێمە زۆر بەم دیدارە خوشحالین و هیوادارین ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاقارێکدا بڕوا کە ئاشتی، ئازادی و دادپەروەری بە دواوە بێت و گەلی کوردیش بە مافە سیاسییەکانی بگات.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی پرۆفیسۆر عێزەدین مستەفا ڕەسووڵیان کرد



شاندێکی دەزگای گشتیی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی پرۆفیسۆر دوکتور عێزەدین مستەفا ڕەسووڵیان کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، شاندێکی دەزگای گشتیی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری" بەرپرسی گشتیی دەزگای پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی کەسایەتی ڕووناکبیر و نووسەری ناسراوی کورد ،پرۆفیسۆر دوکتور عێزەدین مستەفا ڕەسووڵیان کرد.

ناوبراو یەکێک لەو کەسایەتییە ڕووناکبیرانەیە کە بەردەوام خەریکی نووسین و خوێندنەوەیە.

شایانی باسە، پرۆفیسۆر عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی حیزبی دێموکرات و شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو بووە.

## درێژەی پەیڤ

پێناو دڵداریی یەکلایەنە بەنیسبەت سوپای پاسدارانەوە لەژێر ناوی دیکەدا بشارنەوە.

لە ڕاگەیەندراوی حیزبی بەناو چەپی ئێراندا، هەوڵ دراوە کە دڵدارییان بۆ فاشیزمی سوپای پاسداران بشارنەوەو هەموو تاوانەکان بخەنە ئەستۆی ئامریکا کە شەڕفرۆشە و کێشە بۆ ئێران دەنێتەوە و پاساوی بێنێوەڕۆک بۆ هەڵوێستیان بهێننەوە، بەڵام لە هەندێک شوێندا بیرۆکەی فاشیستییان دەردەخەن. لە بەشێک لە ڕاگەیەندراوەکەدا دەڵێن کە خوازیاری گەڕانەوەی سوپای پاسداران بۆ نێو پادگانەکان و هەڵوەشاندنەوەی سوپای قودسن! لە ڕاستیدا داوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای پاسداران و دادگاییکردنی سەرانی سوپا و ڕووخانی ئەم ڕێژیمە ناکەن، وادیارە تەنیا کێشەیان لەگەڵ سوپای قودس هەیە!

لە کۆتاییشدا بەوپەڕی بێشەرمییەوە، بەتیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران مەحکووم دەکەن، کە ئەمە بەرگێکی ڕەشی دیکەی مێژوویە کە لە کارنامەی ئەم بیرۆکە بەرواڵەت چەپ بەڵام لەراستیدا فاشیستییە، دەمێنێتەوە. هەوڵدان بۆ درێژەکێشانی تەمەنی ڕێژیم، بەشداربوونە لە هەموو تاوانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا.

# پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەندامانی کوردی سپای پاسداران لە خۆرهەڵاتی کوردستان



هاونیشتمانیانی بەڕێز،

هەروەک ئاگادارن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی" وەک ڕێکخراوەیەکی تێرۆریستی ناساندووە و لەمەودوا وەک تێرۆریست لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکات. ئەم هەنگاوەی ئەمریکا وێدەچێ لە سەرەتادا تەنیا لەلایەن ئەم وڵاتەوە جێگای مەبەست بێ، بەڵام بەهۆی پێگەی ئەمریکا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئابووریی جیهاندا، پێدەچێ لە دواییدا ئورووپا و وڵاتانی تری جیهانیش پەیوەست بەم بڕیارەوە بن و وەک هاوکاری کردن لەگەڵ ئەمریکا بەشە سەرەکییەکانی سوپای پاسداران بخەنە ناو لیستی تێرۆرەوە.

هۆکاری ئەوەی لەم کاتەدا ڕووی قسەکانم دەکەمە کوردستانییان بۆ ئەوەیە هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ تاکوو، هەموو ئەو کوردانەی بە شێوەیەک یارمەتیدەری هێزە سەرکووتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت ئەندامانی کوردی سپا بوون، لەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە دوور بخەینەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرانبەر هەموو تاکەکانی کورد لە کوردستانی ئێراندا. ئێمە وەک کورد لە جیهان و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک هێزێکی ڕزگاریخواز، ئازادیخواز و دژی تیرۆر ناسراوین، بۆیە بوونی ئەندامانی کوردی سپا، کاریگەری خراپی لە سەر سیمای نەتەوەکەمان دەبێت.

لە لایەکی ترەوە هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوە کە ئەم ڕێژیمە وەک مەترسییەک بۆ جیهان هەژمار بکرێ و داهاتووی چ لە لای خەڵکی ئێران و چ لە لای کۆمەڵگای جیهانی تاریک بێ و بەرەو لەناوچوون بچێ، بەڵام لەناوچوونی کۆماری ئیسلامیش دەبێتە سەرەتایەکی جیددی بۆ لێپرسینەوە لەوانەی ئەندام و پارێزەرانی ئەو ڕێژیمە و بە تایبەت هاوکاری سپای پاسدارن بوونە.

ئەمە بەو مانایە دێت کە سپا و لقوپۆپەکانی دەبێ وەک "ئەلقاعیدە"، "داعش" و هەروەها ڕێکخراوە جۆراوجۆرە تێرۆریستییەکان، ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ یان ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ببنەوە و لە هیچ کوێ جێگایەکی ئەمن بۆ ئەوان بوونی نەمێنێ؛ بۆیە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئەوەی چاوەڕوانی ئەندامانی سپا دەکات تەنیا زیندان، ئاوارەیی، لەناوچوون و لێپرسینەوەیە لە دادگاکانی دژەتێرۆر و کۆمەڵکوژیدا.

لێرەوە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکیتر ڕووی قسەکانمان دەکەینە هەموو ئەو کەسانەی بە تایبەت ئەندامانی کوردی سپای پاسداران لە هەر کوێیەک هەن، بگەڕێنەوە باوەشی گەل و نیشتمان و تا لەوە درەنگتر نەبووە خۆیان لە تاوانەکانی لەمەبەدوای سپای پاسداران بێبەری بکەن.

حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای بەهێزکردن، پتەوکردن و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤیی کورد و خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکانی دامەزراوە و لەم سۆنگەوە سیاسەت دەکات، بۆیە نایهەوێ لە سبەی ڕۆژدا تاکی کورد بە ناوی تێرۆریستەوە کەلەپچە بکرێت یان ڕووبەڕووی دادگاکانی دژە تێرۆر ببێتەوە، چ لە کوردستان و چ لە جیهاندا. پێویستە ئەوانەی تاکوو ئەمڕۆ بەهەر بیانوویەک و بە هەر هۆکارێک ئەندامی سپای پاسداران بوون، ئەم بانگەوازەی حیزبی دێموکرات بە جیددی وەربگرن، چونکە لە دواییدا کەس مافی ئەوەی نابێ پاکانە بۆ تێرۆریست و دەست و پەیوەندییەکانیان بکات.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چل ساڵی تەمەنی خۆیدا هەوڵی داوە، کۆمەڵێک کوردی سەرلێشێواو وەک جاش، پاسدار، بەسیجی و... هتد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بەرهەم بێنێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسانە تا دوێنێ وەک هاوکاری کۆماری ئیسلامی هەژمار دەکران، لەمڕۆ بەولاوە وەک تێرۆریست دەناسرێن و وەک ئەوان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ بۆیە ئەمە وەک کۆتازەنگی خەتەر دەچێ بۆ ئەو ژمارە کوردانە.

لێرەدا جارێکیتر دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە بێجگە لە کۆماری ئیسلامی هیچ دوژمنێکی ترمان نییە. لەم کاتەشدا و لە داهاتووشدا نامانهەوێ هیچ کوردێک وەک تێرۆریست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بۆیە داوا دەکەین و چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە ئەو کەسانە تا درەنگ نەبووە لە ئەندامەتی هەموو دامودەزگا سەرکووتکەرەکانی ڕێژیم بەتایبەت سپای پاسداران دوور بکەونەوە. ئەگەر تا دوێنێ بە هەر هۆیەک ئەندامی ئەم دەزگا و دامەزراوانە بوون، لەمەودوا هیچ بیانوویەک نەماوە، چونکە تاوانی ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی تێرۆریست، بە هیچ بیانویەک پاساوهەڵگر نییە.

**مستەفا هیجری**
**۲۷ی خاکەلێوەی ۲۷۱۹ی کوردی**
**۱٦ی ئاڤریلی ۲۰۱۹ی زایینی**

## کوێرکردنی سپای پاسداران لە کوردستان!

**جەمیل کولاهی**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە کەوتە ناو لیستی تیرۆریستی ئەو وڵاتەوە. هەر لەم پێوەندییەدا لە ڕۆژی ١٦ی ئاڤریلی ٢٠١٩دا مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامێکی ڕووبە جاشەکانی کوردستان بڵاو کردەوە. ئەم پەیامە دوای وەک تیروریست ناسێندرانی سپای پاسداران لە لایەن ئامریکاوە بڵاو کرایەوە. لە پەیامەکەی بەڕێز هیجریدا هاتووە کە "حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای بەهێزکردن، پتەوکردن و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤیی کورد و خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکانی دامەزراوە و لەم سۆنگەوە سیاسەت دەکات، بۆیە نایهەوێت لە سبەی ڕۆژدا تاکی کورد بە ناوی تێرۆریستەوە کەلەپچە بکرێت یان ڕووبەڕووی دادگاکانی دژە تێرۆر، چ لە کوردستان و چ لە جیهاندا ببێتەوە."... "لێرەدا جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە، کە ئێمە بێجگە لە کۆماری ئیسلامی هیچ دوژمنێکی ترمان نییە. لەم کاتەشدا و لە داهاتووشدا نامانەوێت هیچ کوردێک وەک تێرۆریست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە داوا دەکەین و چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە ئەو کەسانە تا درەنگ نەبووە، لە ئەندامەتی هەموو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەتایبەت سپای پاسداران دوور بکەونەوە. ئەگەر تا دوێنێ بە هەر هۆیەک ئەندامی ئەم دەزگا و دامەزراوانە بوون، لەمەودوا هیچ بیانوویەک نەماوە، چونکە تاوانی ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی تێرۆریست، بە هیچ بیانوویەک پاساوهەڵگر نییە." ئەم پەیامە ڕوو بە کوردەکانی نێو ڕیزەکانی سپای تیرۆریستی پاسدارانە.

پێناسەکردنی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێک کە ئامانجی پاراستنی کەرامەتی تاکی کورد و دەستەبەربوونی مافە نەتەوەییەکانییەتی، حیزبی دێموکرات دەخاتە بازنەی حیزبی نەتەوەیی و بەرەی ناسیونالیزمەوە. لە ناسیونالیزمدا دوو شت پیرۆزن کە بریتین لە نەتەوە و نیشتمان. نەتەوە بریتییە لە هەموو تاکی ئەندامی نەتەوەکە و نیشتمانیش بریتییە لەو خاکەی کە تاکەکانی نەتەوەکە لە سەری دەژین! هەر بۆیە لەو پەیامەدا هاتووە کە "(حیزبی دیمۆکرات) نایەوێت لە سبەی ڕۆژدا تاکی کورد بە ناوی تێرۆریستەوە کەلەپچە بکرێت یان ڕووبەڕووی دادگاکانی دژەتێرۆر، چ لە کوردستان و چ لە جیهاندا ببێتەوە." ئەمە نیشانی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەموو تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواریی بەلاوە گرینگە و پێی خۆش نییە کە تاکەکانی نەتەوەی کورد بکەونە دۆخێکی نالەباری ژیانەوە. هەر بۆیە وشیاریان دەکاتەوە کە "تاوانی ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی تێرۆریست، بە هیچ بیانوویەک پاساوهەڵگر نییە..." بە دەربڕینی ئەوە کە "بوونی ئەندامانی کوردی سپا کاریگەریی خراپی لەسەر سیمای نەتەوەکەمان دەبێت" ترسی خەوشداربوونی سیمای نەتەوەکە وەک یەکێک لە هێڵە سوورەکانی ناسیونالیزمی هەیە و ئەوە بەو واتایەیە کە نەتەوە لە ناسیونالیزمدا هێڵی سوورە. لە نێو نەتەوەی بندەستی کورددا بەشێک لە ئەندامانی نەتەوەکە فریوی داگیرکەریان خواردووە و بوونەتە بەشێک لە هێزی دوژمن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کە ئەمە زەبرێکی کوشەندەیە لە پەیکەری بزووتنەوەی کورد. چونکە سپای داگیرکەر لە ئەندامانی نەتەوەی کورد کە لە لایەکەوە هاونیشتمانی، هاومەزهەب و هاوڕیشەی ئەندامانی دیکەی نەتەوەکەن و لە لایەکی دیکەوە لە سەر جۆغرافیای کوردستان شارەزاییان هەیە، کەڵک وەردەگرێ کە ئەمە تا ئێستا زیانێکی قەرەبوونەکراوەی بە بزووتنەوەی کورد گەیاندووە. ئەم سیاسەتەی سپا بۆتە هۆی ئەوە کە لە لایەکەوە کورد بە دەستی کورد بکوژرێ و لە لایەکی دیکەوە سنووربەندییەک لە سەر قین و ڕق لە ناو ڕیزەکانی نەتەوەی کورددا پێک بێت.

لێرەدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتە دزێوەی سپای تیرۆریستی پاسداران سێ ڕێگای هەیە:

- کوشتن و سڕینەوەی ئەو بەشە لە ئەندامانی نەتەوەکەی کە بوونەتە جاش
- هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی جاشەکان بۆ باوەشی نەتەوەکەیان
- کەڵکوەرگرتن لە تێکەڵێک لە هەر دووی ئەم ڕێگاگەلە

ئەم سێ ڕێگایە لە زانستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراوە، واتە شێوەی سەختئامێری، شێوەی نەرمئامێری و شێوەی تێکەڵاو! مەبەست لە ڕێگەی نەرمئامێری وشیار کردنەوە، زانیاری دان لە سەر داگیرکاری ڕێژیم، بردنەسەری ڕادەی زانیاری نەتەوەیی، کار و چالاکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە نەتەوەی کورد و لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان و ... لە ناو کۆمەڵگەی کوردستانە کە ئەمە دەچێتە بازنەی زانستی پێشگیرییەوە. لە زانستی پێشگیری بیر بە سڕینەوە ناکرێ، بەڵکو بیر بە کۆنترۆڵ و گەورەنەبوونەوە و تەشەنەنەکردن دەکرێتەوە و شەڕی فیزیکی تێدا نییە! بەڵام لە ڕێگەی سەختئامێری کە هەمان خەباتی چەکدارانەیە، بیر لە سڕینەوە دەکرێتەوە و بە شێوەیەکی فیزیکی لەگەڵ تاکەکانی ناو دیاردەکە هەڵسوکەوت دەکرێ. ڕێگەی تێکەڵاو هەر وەک گوترا کەڵکوەرگرتنی هاوکات لە هەردووی ئەم ڕێگاگەلەیە واتە لەم شێوەیەدا پێشگیری و خەباتی سەختئامێری پێکەوەن و هاوتەریب بەرەو پێش دەچن.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تا ئێستا ڕێگەی یەکەم واتە سەختئامێری و ڕێگەی دووهەم واتە نەرمئامێری تاقی کردوونەتەوە، بەڵام چونکە ئەم دوو ڕێگەگەلە هاوکات پێکەوە نەبوونە، کاریگەرییەکیان نەبووە و نەبوونەتە هۆی بنبڕبوونی جاش لە کوردستان و لە هێندێک بواریشدا ڕادەی جاشەکان زۆرتر بوونە. ڕێگەی یەکەم واتە سەختئامێری بەدرێژایی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی بە شێوەیەکی پان و بەرین لە کوردستان جێبەجێ کرا و دەیان هەزار لە هێزی ڕێژیم کوژران. ڕێگەی دووهەم دوای شەڕی چەکداری حدکا لە دەیەی ٧٠ بەم لاوە تاقی کرایەوە. تەنانەت هەر بەڕێز هیجری لە پەیامێکی هاوشێوەدا چەند ساڵ پێش لە ڕاسان داوای فڕێدانی چەکی ڕێژیمی لە جاشەکان کرد بەڵام هەر دوو ڕێگاکە چونکە بە تەنێ و جیا لە یەکتر بوون کاریگەرییەکیان نەبوو.

دیاردەی جاش، قەیرانێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی و ئابوورییە، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیە دەبێ لە شێوەی تێکەڵاو، واتە هاوکات لە شێوەی سەختئامێری و نەرمئامێری کەڵک وەربگیردرێ! بۆوێنە دەوڵەتانی دنیا هاوکات لەگەڵ هێرشی نیزامی بۆ سەر گرووپە تیرۆریستییەکان، ڕۆژانە سەدان سیمینار و هەزاران بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی لە سەر تیرۆریزم چێ دەکەن و بە هەزاران وتاری زانستی لە سەر تیرۆریزم لە ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکان بڵاو دەکەنەوە. چونکە دەزانن بەتەنیا لێدانی نیزامیی تیرۆریزم ڕیشەکێش نابێ! تیرۆریزم ڕیشەی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە و دەبێ خەباتی فرەڕەهەند دژی ڕێکبخرێ. ڕاست دیاردەی جاشیش لە کوردستان وایە، ڕیشەی فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە؛ بۆیە بزووتنەوەی بەرپرس دژی ئەو دیاردە دزێوە بیر لە خەباتی فرەڕەهەند دەکات و دەزانێ بە خەباتی تاکڕەهەند ئەو دیاردەیە ناسڕدرێتەوە و ڕەنگە خراپتریش بکات!

ئێستا کە ڕاسان وەک خەباتێکی فرەڕەهەند بەرەو لووتکە دەڕوات، دەبێ بە دیدێکی جیاواز و سەردەمیانەوە دژی دیاردە کاولکەرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری خەباتی فرەڕەهەند وەڕێ بخات و هەر دیاردەیەکی دزێو لە چەندین گۆشەنیگاوە شرۆڤە بکات و ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە! لە کاتی ڕاساندا کە باسکی چەکداریش لە ئارادایە، لە ڕێگەی سێهەم واتە شێوەی تێکەڵاو کەڵک وەردەگیردرێ؛ واتە پێشگیری و بەرەنگاربوونەوەی چەکداری هاوتەریب دەچنە پێش. لێرەدا پێشگیری ڕۆڵی تایبەتی هەیە، چونکە لە پێشگیریدا سەرچاوەی ئەندامگیری سپا دەکرێتە ئامانج و بە وریاکردنەوە و کاروچالاکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی دیوارێکی ئاسنین بەرانبەر بە تەشەنەکردنی سپا دادەنرێ و سپا لە ئەندامگیری فەلەج دەبێ و سەرچاوەی وزەی لە کوردستان وشک دەبێ. واتە لە پێشگیری یان ڕێگەی نەرمئامێری هەموو کۆمەڵگەی کوردستان دەکرێتە ئامانج. لە خەباتە چەکدارییەکەشدا کە هاوتەریبی پێشگیرییەکەیە هێزیی مەوجوودی سپا لە کوردستان دەکرێتە ئامانج و ئەو پەیامەیان پێ دەدرێ کە لە ئەگەری تەسلیم نەبوون ژیانیان لە دەست دەدەن. ئەم ڕێگە تێکەڵاوە ڕێگەیەکی تاقیکراوە لە هەموو دنیادا کە تا ئێستا سەرکەوتوو بووە.

حیزبی دێموکرات کە لە لایەکەوە خاوەنی میدیا، تەشکیلاتی نهێنی و لایەنگری بەربڵاوە لە لایەکی دیکەوە خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە، دەتوانێ پرۆژەیەک بە هاوکاری هاوکاتی ئەو بەشانەی حیزب واتە میدیا، تەشکیلاتی نهێنی و هێزی پێشمەرگە بۆ لاوازکردنی سپا لە کوردستان بەڕێوە ببات. سپای تیرۆریستی پاسداران ئەگەر ئەندامانی خۆی لە کوردستان لە دەست بدات، وەک سپایەکی کوێری لێ دێت و هیچ کارێک ناتوانێ بکات، چونکە جاشەکان چاوی سپا لە کوردستانن و بە بێ جاش سپا هیچی پێ ناکرێ! هەر بۆیە سپای تیرۆریست و داگیرکەری ڕێژیم لە کوردستان سەری کردۆتە ناو سەرمایەی مرۆیی کورد و خەریکە بە کەڵکوەرگرتن لە بەشێک لە سەرمایەی مرۆیی کورد بەشەکەی دیکە سڕ دەکات و دەیسڕێتەوە، بۆیە بزووتنەوەی کورد دەبێ بە بەرنامەوە بەرەنگاری ئەم سیاسەتەی سپا ببێتەوە و پرۆژەی کوێرکردنی سپا لە کوردستان بگرێتە پێش!

پەیامی ئەمجارە لە کاتێکدا دراوە کە پێشمەرگە لە سەر شاخە، سپای دوژمن لە ئاستی جیهانیدا بە تیرۆریست ناسراوە، ڕێژیم لە قەیرانی سیاسی و ئابووری قووڵدایە و خەڵکی ئێران بە گشتی دژی ڕێژیم ڕاوەستاونەتەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی باش ببرێتە ناو سیاسەتی حدکاوە کاریگەرییەکی قووڵ دادەنێ! واتە لەلایەکەوە لە ڕێگەی کاروچالاکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی زانیاری پێویست بە جاشەکان و بە خەڵک بدرێ و لە لایەکی دیکەوە هێزی پێشمەرگە وەک باسکی بەهێزی گەل پۆشتە و تەیار بکرێ و نرخی جاشایەتی بباتە سەرێ، بێگومان پەیامی ئەمجارە شوێندانەر دەبێ کە ئەمە خۆی لە خزمەتی بزووتنەوەی کوردە و بەرتەسک کردنەوەی هێز و توانایی دوژمن لە کوردستانە.

# ئامریکا بە فەرمی ڕێگای بۆ بە تیرۆریست ناسینی سپای پاسداران هەموار کرد

کاوە بەهرامی



هێزی پێشمەرگەی کوردستان چل ساڵە واتە بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و درووست بوونی سوپای تێرۆریستی پاسداران وەک هێزێکی ئیدئولۆژیک بۆ پاراستنی سیستمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی لە خەبات دژی ئەم پێکهاتە تیرۆریستییە جیهانییە خەبات دەکات، خەباتێک کە قوربانییەکی زۆری لەو پێناوەدا و گەلێک شەهیدی پێشکەش بە نیشتمان کردووە.

بەفەرمی ناسینی سوپای تێرۆریستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە هەنگاوێکی گرینگ لە راستای تەئییدی چل ساڵ خەباتی بێوچانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە دژی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە سپای پاسداران دەیپارێزێ، ئەمە لە حاڵێکدایە کە سوپای تێرۆریستی پاسداران بۆ هەرچی زیاتر پەرەپێدانی جورم و جینایەتەکانی لە پانتایی جیهاندا ، نیزیک بە ٧٠ لە سەدی سەروەت و سامانی گەلانی زۆڵملێکراوی ئێرانی خستووەتە ژێر رەکەیفی خۆی و بەردەوام لە ئیمکاناتی مادی ئەم وڵاتە بۆ کاری تیرۆریستی کەڵک وەردەگرێت .

هێزی پێشمەرگەی کوردستان چل ساڵ خەباتی بێوچانی دژی ئەم سوپا تیرۆریستییە جیهانییە بە کەمترین ئیمکانات بەڕێوە بردووە، پێشمەرگە خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە خەبات و تێکۆشانی دژی ئەم سیستمە سەرەڕۆ و جینایەتکارە گەیشتە قۆناغێک کە لە لایەن وڵاتێکی زلهێز وەک ئامریکا بە شێوەی فەرمی مۆری تەئییدی بە خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە وەک هێزێکی دژی تیرۆر دانا، هێزی پێشمەرگە بە ئیمان و بڕوایەکی قایم، پشت بە گەل و نیشتمان لە چل ساڵی رابردوو دژی ئەم سوپا پاوانخوازە تیرۆریستییە خەباتی کردووە و لە هیچ کۆسپێک سڵی نەکردووە و وەک قوربانییەکی تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەرگرییەکی قارەمانانەی لە راستای وەدیهێنانی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری و کۆمەڵایەتی لە گەلانی ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی کردووە، خەباتێک کە گەورەڕێبەرانێکی وەک د.قاسملوو و د. شەرەفکەندی لە سەر مێزی وتووێژ بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی ئاشتیانەی داخوازییەکانی گەلی کورد بە دەس دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و پیلانەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران شەهید کران، ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە خەباتی ئازادیخوازانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەگەرچی گرۆتینێکی زیاتر لە جارانی بەم جۆرە هەڵوێستانەی دونیای دەرەوە وەرە دەگرێ، بەڵام زیاتر لە هەر کات بەختەوەرە کە چل ساڵ پێش ئێستا نەتەنیا سوپای تێرۆریستی پاسدارانی بە تێروریست ناسی بەڵکوو بە تەواوەتی ڕێژیمەکەشی وەک حکومەتێکی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر رەت کردووەتەوە، و لە ریفراندۆمی دیاریکردنی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨ دەنگی ئەرێنی بە کۆماری ئیسلامی نەداوە.

بەڕەسمی ناسینی ئەم سپا جینایەتکارە لە حاڵێکدایە، کە بە هۆی گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر ئەم وڵاتە لەلایەک و لە لایەکی دیکەوە دزی و بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی گەلانی ئێران بۆ ئەم هێزە تێرۆریستییە قەیرانێکی گەورەی بۆ ئێران درووست کردووە، خەڵکی ئێران لە خراپترین قەیرانی ئابووریدا بە سەر دەبەن، ژیانی رۆژانەیان وەمەترسی کەوتووە، قەیرانەکانی رۆژ لە دوای رۆژ قوڵتر دەبن، کارخانە و کارگەکان بە هۆی گەمارۆ یەک لە دوای یەکەکان لە کار دەکەون، هیچ داهاتێکیان لە بەردەست نامێنێ، خەڵکی بەڵالێدراوی ئێران باش دەزانن لە رێگای سوپای تیرۆریستی پاسدارانەوە سەروەت و سامانی ئێران بۆ کاری تیرۆریستی لە ناوخۆ و وڵاتانی دیکە خەرج دەکرێ، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەند لە بواری نەوت و سامانی سرووشتییە، ئەم هێزە تیروریستییە بۆ گەیاندنی ئیمکاناتی تێرۆریستی بە لقوپۆپەکانی وەک حەماس و حیزبولا و ... هەموو سەروەتی ئەم وڵاتەیان بە تاڵان بردووە، ئێستا کە سپای تێرۆریستی پاسداران کە لەگەڵ داعش و تاڵەبان لە یەک بەرەی تێرۆریستیدا دژی ئازادی و سەربەخۆیی گەلانی یەکیان گرتووە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئازادی و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی لەگەڵ هەموو هێزە ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرەکان لە یەک بەرەی دژی تێرۆردایە، ئێستا هێزی پێشمەرگە بە شێوەی فەرمی لە بەرەی دژی تێرۆردا بۆ ئازادی و مافی گەلان خەبات دەکات، هێزی پێشمەرگە ئەم هەنگاوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا واتە بە شێوەیەکی فەرمی بەرەسمی ناسینی سوپای پاسداران بە گرینگ و ئازادیخوازانە وەردەگرین، هیوادارین هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە راستای نەمانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و کوردستان هەنگاوێکی ئەرێنی و بەکردەوە لە مەیدانی خەبات وەک هەمیشە هەڵگرێ، لێرەدا ئەو کوردە هەڵخەڵەتاوانە کە بە هەر هۆیەکەوە چەکی سپای تێرۆریستییان هەڵگرتووە و لە ریزەکانی ئەو سپا تێروریستییە بە هەر ناوێک خزمەت بە ئەو سپا دژی گەلییە دەکەن باشتر وایە هەرچی زووترە چەکی خەیانەت فڕێ بدەن و بگەڕێنەوە باوەشی گەل و نیشتمان، باشترین دەرفەت بۆ ئەوان وڵامدانەوەی ئەرێنی بە داخوازییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە تا گیان و ماڵیان پارێزراو بێ، هیچ نەبێ با شەرمەزاری بنەماڵە و میللەتەکەیان نەبن.

# نیشانەکانی سەرهەڵدانی دەنگە پەنگخواردووەکان

کەیوان درودی



تیۆرییە باوەکانی شۆڕش [revoloution] بە گشتی لەسەر چوار بنەمای سەرەکییە کە هەر کامە و لە دەلاقەیەکەوە خوێندنەوە بۆ ئەگەر و بەستێنەکانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەکەن. یەکەم ئەو بیردۆزییەیە کە بە بەکگراوندێکی چەپەوە دەپرژێتە سەر ڕەهەندی ململانێی کۆمەڵایەتی (چینایەتی، بەرژەوەندی) و هەر گۆڕانێکی ئایدیال بە گۆڕانێک دەزانێ کە تێیدا وریایی چینایەتی هاندەری سەرهەڵدانی بندەستەکان بۆ دەستخستنی مافەکانیان بێ. ئەم بیردۆزییە بە گشتی بنەڕەتی گۆڕان لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبینێ و لای وایە تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە ئامانجەکانی شۆڕش دەپێکرێ.

دەستەی دووهەم تا ڕادەیەک بەپێچەوانەی دەستەی یەکەمە و هەر گۆڕانێک بە مانای شۆڕش بە ئەنجامی ململانێ و جێگۆڕکێی هەڵکەوتوو ئێلیتی سیاسی دەزانێ. لە پرۆسەی گۆڕانی لەمجۆرە، سەرچاوەی هێز و دەسەڵات فاکتۆری یەکەم و یەکلاییە. بە دیویکیتردا ئەم شۆڕشە گۆڕانێکە کە لە سەرەوە (دەسەڵات) بۆ خوارەوە (کۆمەڵ) شۆڕ دەبێتەوە و گرووپە جیاجیاکان خۆیان لەتەک ئەم گۆڕانەدا ڕێک دەخەن. ماکیاڤێلی ناسراوترینی ئەو تیۆریسیەنانەیە کە لای وایە، لە بنەوانەوە سەرگرتنی شۆڕش بەبێ گۆڕانکاری لە ئاستی ئێلیتەکاندا دوورە لە چاوەڕوانی.

لەم نێوانەدا دەستەی سێهەم و چوارەمیش هەن کە یەکێکیان گۆڕانی نۆرمەکان بە کاکڵی گۆڕانی بنەڕەتی و سەرهەڵدانی شۆڕش ناو دەبات. بەو واتایە کە بە کاڵبوونەوەی نۆرمەکانی پەیوەندیدار بە دەسەڵات کە پێشتر کۆمەڵی پێ ڕێکخستووە، کۆمەڵێک نۆرم و بایەخی نوێ گەشە دەکەن و بەم شێوازە لە نێوان کۆمەڵ و دەسەڵات جۆرێک لە لێکدژی و ناهاوتەریبی دروست دەبێ و ئەمەش لە پرۆسەیەکدا بە هۆی بەریەککەوتن، شۆڕشی لێ دەکەوێتەوە.

بەڵام دەستەی چوارەم، ئەوانەن کە لایان وایە شۆڕش ئاکامی دینامیزمێکی مێژوویی _ کۆمەڵایەتییە. بەم پێیە مێژوو ڕێگەی خۆی دەپێوێ و هەرکات پێویستی و زەرورەتەکان بێنە کایەوە، ڕووداوی شۆڕش بێ ئەملاولایە. بەگشتی هەرکام لەم بیردۆزیانە هەوڵ دەدات بەپێی بنەمایەکی دیاریکراو بەستێن، هۆکار و دەرهاویشتەکانی شۆڕش شی بکاتەوە.

بارودۆخی ئەم ڕۆژانەی ناو جوغرافیای ئێران بە جۆرێکە کە بە هەرکام لەو بیردۆزیانە لێی بڕوانین، دەتوانین بەستێنێک بۆ شۆڕش لە داهاتوو وێنا بکەین. ئەگەر لە لایەنی ململانێی کۆمەڵایەتییەوە بڕوانین، ئەوە هەڵوەرینی سەرسوڕهێنەری چینی ناوەند و پەیوەست بوونیان بە چینی هەژاری کۆمەڵ، وادەنوێنێ کە ئەم ڕەوتە بەئەسپاییە، لە خۆیدا وزەی تەقینەوەیەکی بەهێزی هەڵگرتووە، بەتایبەت کە لەبەر تۆتالیتاریزمی ڕەها، زۆربەی ئەوانەی سەرمایەی زیاتریان دەستخستووە، بە جۆرێ لینکیان لەتەک دەسەڵات هەیە و ئەمەش هاندەرە بۆ بەگژداچوونەوەی چوارچێوە و ڕێساویاسا باوەکان. ڕێژەی زۆری بێکاری لە ناو توێژی دەرچووانی زانکۆ، دەرکردنی کرێکارانی وەرزانە و ڕۆژانە لە کارگەکان، بێمووچەیی و دواکەوتنی مووچەی کرێکارە گرێبەستییەکان، کۆڵکێشانی سووتەمەنی و کۆڵبەران و هتد هەرکامە لە جێی خۆیدا ململانێیەکی نابەرامبەرە و بەستێنێکە بۆ شۆڕشێکی گشتگیر.

ئەم بەستێنە لە تیۆری دووهەمدا کزترە، بەڵام ئەم ململانێیەش بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی بەرژەوەندییەکان، دەتوانێ ببێتە هۆی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی ئێلیتەکان و تێکچوونی نەزم و تەکووزیی جێگیر لە ئاستی سەرەوەی گۆڕەپانی سیاسیدا. وەک نموونە کێشەی دانانی جێگری کەسی یەکەم لە ناو ڕێژیم، لە ئێستەدا بابەتێکی زۆر گرینگە و لەبەر پێڕەوکردنی سیستەمی ڕەها لە ڕابردوو، زەمینەیەکی ئەوتۆ بۆ دەسنیشان کردنی کەسێ کە قسەی کۆتایی بکات، زۆر ئەستەمە. لێکۆڵەران لایان وایە دانانی جێگر بۆ شوێنی خامنەیی، خاڵێکی وەرچەرخان دەبێت لە مێژووی دەسەڵاتی ڕێژیمدا.

پرسی نۆرم و بایەخەکان، یەکێکیتر لە بەستێنەکانە. وەک دیارە ڕێژیمی ئینقلابی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، لە سەرەتاوە هەموو نۆرم و بایەخەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵ داسەپاند. بەشێکی سەرەکی لەم پراکتیزەکردنە لە ناو یاسادا بوو. یاسایەک کە نەک تەنیا نادێموکراتیک بوو، بەڵکوو ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی هەڵاواردن و جیاوازیی نەتەوەیی، ڕەگەزی و فیکری بسڕدرێتەوە. یاسایەک کە کۆڵبەر بە قاچاخچی دەزانێ بەڵام هیچ میکانیزمێکی بۆ پێشپێگرتن بە ئیختلاس و ڕانتی حکومەتی نییە. ڕەخنە لە خامنەیی بە سووکایەتی بە پیرۆزییەکان دەزانێ بەڵام دەسدرێژیی ڕۆژانە بۆسەر منداڵان و ژنان نۆرماڵیزە دەکات. شوناسی نەتەوەکان دەسڕێتەوە بەڵام باس لە یەکێتیی ئیسلامی دەکات. ژینگەپارێز و پارێزەر و مافناس بە سیخوڕ ناو دەبات بەڵام دزەکردنی سیستەمی هەواڵگریی دەرەکی بۆ ناوەندەکانی زانیاریی ئەتۆمی و تاڵانی نیو تۆن زانیاریی هەستیار پشتگوێ دەخات. دەڵاڵێکی دۆلار، سکە و مریشک ئێعدام دەکات بەڵام دزینی یەک هەزار میلیارد تمەن دەشارێتەوە و پەردە لەسەر کارەکانی مافیای حکومی بۆ بەرزکردنەوەی نرخی گۆشت دادەنێ. دەنگوڕەنگ پاوان دەکات و دیخاتە خزمەت برەوپێدانی ئایدیۆلۆژی سەرەڕۆیانە. کەناراوەکان و گۆمە نەوتییەکان بە ڕووسیە، چین و هیند هەرزانفرۆش دەکات و کاسبێکی عەرەب و بەلوچ لەبەر هێنان یان بردنی چەند گالۆن گازویل دەسبەسەر و زیندانی دەکات.

ڕێژیمێکی ئاوا لە درێژخایەندا بەرەوڕووی سەرهەڵدانی نۆرم و بایەخە ڕیشەدارەکان ئەبێتەوە و بەدڵنیاییەوە زەرفییەتی چارەسەریی ئەم پێکدادان و بەریەککەوتنەی نابێ. هەربۆیەش ئەمڕۆ ناچار دەبێ ئەو کەسانەی کە ئیدیعای دەکرد نوێنەرایەتی خەڵک دەکەن، وەکوو بووکەڵەی بێنێتە سەرشانۆ و جلی ڕاستەقینەی تیرۆریستییان لەبەر بکات. ئەم شانۆیە کەمترین پەیامێ کە هەیبوو ئەوە بوو کە خەڵک لە چوار دەیەی ڕابردوودا تەنیا هەستیان کردووە دەنگ دەدەن، نەک ئەوەی بەڕاستی دەنگیان دابێ. لیستەیەک لە کەسانی مشەخۆر کە هەر هەموویان _ مەگەر بە هەڵکەوت _ پلە ئەمنییەتی و هەواڵگرییەکانیان تێپەڕاندووە و ئەمەگناسی و وەفادارییان بەو سیستەمە عەقیدەتییە سەلماندووە. ئەم شانۆیە ئەوەی دەرخست کە بابەتێک بە ناوی بەرژەوەندیی گشتی لە ئارادا نییە و ئەوەی هەیە بەرژەوەندیی سیستمێکی ئەلیگارشی گەندەڵە کە هیچ توولەڕێگەیەکی بۆ ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گشتی نەهێشتووەتەوە.

بێگومان تێپەڕبوونی کات هەموو ئەو بە ناو پیرۆزیانە لە ناو خۆیدا نوقمەسار دەکات، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەم سیستەمە چەمکهەڵگر و بە تولێرانس نییە و ناتوانێ خۆی لەتەک پێویستی و زەرورەتەکان ڕێک بخات.

نەتەوە بندەستەکان

گرینگترین بەش بەلای ئێمەوە پرسی نەتەوە بندەستەکانە، ئەو خەڵکانەی کە یەک سەدەیە سەرچاوەی بژێویان بڕاوە و ناسنامەیان نکۆڵیی لێکراوە، گڕکانێکی بەهێزن کە بە لێدانی چەخماخەیەک گڕ دەگرن. ئەو خەڵکانەی کە ئەگەر تا دوێنێ تەنیا لە ڕێگەی شۆڕشگێڕەکانەوە هەوڵی بەرەوڕووبوونەوەی سڕینەوەی ناسنامەیان دەدرا و دەنگیان لە نیشتمانی خۆیان کپ دەبوو، ئەمڕۆ خاوەن بزووتنەوەیەکی دینامیکن کە بەرامبەر بە پێشێلکارییەک کاردانەوەیان دەبێت و دەنگیان لە ناوەوە و دەرەوە دەتەنرێتەوە. ئێستە هەموو ئەو نەتەوەگەلە خاوەن ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانن. گرینگتر لە هەمووی توانیویانە ببنە خاوەن تاکی پێگەیشتوو کە لە مافە حوقووقی و نەتەوەییەکانی تێگەشتووە و بەرامبەر بە هەموو پرسەکان لە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەستیار و لێکۆڵەرە.

لە ئەمڕۆدا ئەم نەتەوەگەلە خاوەن بژاردەی تایبەتی خۆیانن و بە وریاییەوە چاو لە داهاتوو دەکەن. پێکهێنانی کۆنگرە و هاوپێوەندی بە خستنەڕووی پرۆژە و پلانی دیاریکراو نیشان دەدات کە کاتی سڕینەوە و نکۆڵی بەسەرچووە و زمانی زبر و هەڕەشە نەماوە و سیستەمەکانی قاجاری و پەهلەوی و ئیسلامی ناتوانن بە پشتبەستن بە زمانی چەک و سەرکوت ڕەوایی دەستبخەن.

بێگومان کاتێ ئیمپراتوریی ڕۆم و یەکیەتیی سۆڤییەت بەو هەموو سامان و ژێرخانە دارایی و نیزامییەوە نەیانتوانی پێش بە دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ژێرچەپۆکیان بێنن، سیستمێکی پەرتووکاوی وەکوو ڕێژیمی ئیسلامیش لە کۆتاییدا پێملی ئیرادەی نەتەوەکانی ناو جوغرافیای ئێران دەبێ. ئەوە لە کەس شاراوە نییە کە ئەم گڕکانە پێویستی بە وریایی و یەکگرتوویی و تێچووی تایبەتی خۆیەتی و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئیرادەی هاوبەشی هەنووکەیی پتەوتر و بەهێزتر بکرێ.

ڕێژیمی ئیسلامی لە ناو خۆیدا تووشی قەیرانی ماهییەتی بووەتەوە. بەرامبەر بە خەڵک وەکوو دەسەڵاتێکی داسەپاو و داگیرکەر هەڵسوکەوت دەکات و لە ناوچە وەکوو دێوەزمەیەکی هەڕەشە و لە جیهاندا وەکوو لووتکەی تیرۆریزم ناوی دەرکردووە. هەموو ئەم بەستێنگەلە دەرخەری گۆڕانێکی جیددی لە داهاتوون و ئەو گۆڕانکارییەش بە لەناوچوونی سیستەمەکە کۆتایی پێ دێ.

# بەدی کردنی دوو وەرچەرخان لە پەیامی نەورۆزی لێپرسراوی گشتی




**ئارش سالح**

لە پەیامی نەورۆزی لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتدا دوو خاڵی بنەڕەتی وەدی دەکرێن کە هەرکام لەو خاڵانە دەتوانن وەکوو وەرچەرخانێک لەو بنەمایانە پێناسە بکرێن کە لە دوو دەیەی رابردوودا لێکدانەوە و شێوەڕوانینی حیزبیان لە سەر بنیات نرابوو. ئەم گۆڕانکارییە لە شێوازی پێناسەکردنی کێشەکان و لێکدانەوەی حیزبی دێموکرات لە بارودۆخ و چارەسەری پێشنیارکراو، لە راستیدا هەم کاریگەری لەسەر دەسپێکردنی راسان بووە و هەم لەژێر کاریگەری ئەو خەباتەدایە.

ئەم وەرچەرخانە لە راستیدا بەرهەمی هزری گشتی بەدەنەی ناڕازی حیزبی دێموکراتە کە لە درێژەی دوو دەیەی رابردوودا هێدی هێدی بەدەست قەیرانەکانی ناو حیزبی دێموکرات وەزاڵە هاتووە و خوازیاری گۆڕانێکی قووڵ لە شێوازەکانی لێکدانەوە، بەڕێوەبەری و خەباتی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بووە.

سەرچاوەی ئەم داخواز و گۆڕانکارییە لە نەوەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەگەرچی شۆڕشی گەلانی ئێرانی لەبیر نایێت بەڵام هێشتا توانای پێوەندی گرتنی لەگەڵ بنەماکانی خەباتی دەیەی شەستی حیزبدا هەیە و ئەو خەباتە لە ناو ناخوداگای جەمعی ئەو جیلە زۆر بە روونی بەدی دەکرێت.

## گەڕانەوە بۆ واقعگەرایی

یەکەمین خاڵی وەرچەرخان کە لە ئاگایی گشتی حیزبی دێموکراتدا هاتۆتە ئاراوە بریتییە لە گەڕانەوە بە واقعگەرایی وەکوو پارادایمێک لە بنەماکانی لێکدانەوە. لێرە من بە ئەنقەست چەمکی رێئالیزم یان رێئاڵ پۆلیتیک بەکار ناهێنم لەبەر ئەوەی ئەو چەمکانە گوزارشت لە ئاراستەیەک لەناو پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن کە هەڵگری پەسەندکردنی پرەنسیپێکە کە دۆخی هەبوو (status quo) بە دۆخێکی باش دەزانێت و گۆڕانی ئەو دۆخە بە مەترسی لە سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی ناودەبات، بۆیە ئەگەرچی ئەو ئاراستەیە دەتوانێت بە مەبەستی لێکدانەوەی سیاسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و لە مێتۆددا زۆر کاریگەر بێت، بەڵام کاتێک ئێمە باس لە گەڕانەوە بە واقعگەرایی دەکەین زیاتر مەبەستمان گەڕانەوە بۆ پارادایمێکە لە لێکدانەوە و ناسین کە لە هەندێک وەهم وەک وەهمی ئایدۆلۆژیک و وەهمی رۆمانتسی بە دوورە.

ماوەیەک دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، حیزبیان لە قەندیل هێنایە خوارەوە و شۆڕشیان لە ژینگەی سەرەکی خۆی جیا کردەوە. لەو ساتە بە دواوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە حیزبی دێموکراتدا خەباتی چەکداری راوەستا و تێگەیشتنی "بەتەما راوەستان" بەرەو زاڵبوون دەڕۆیشت. بە هۆی راوەستانی شۆڕشی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا و بە ڕوانین لە ئەزموونی باشووری کوردستان، بەشێک لە رێبەرایەتی و بەدەنەی حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە لێکدانەوەیان لەسەر ئەو بنەمایە بنیات نرابوو کە ئێران لە رێگەی دەستێوەردانی دەرەکی دەڕووخێت و ئەوان تەنیا پێویستە بتوانن تا ئەو کاتە بمێننەوە.

هاتنەخوارەوەی حیزبی دێموکرات لە شاخ و جیابوونەوەی لە ژینگەی سیاسی خۆی لە کۆتاییهێنان بەو قۆناخە لە شۆڕشی گەلەکەمان لە رۆژهەڵات تا ئەو رادەیە گرینگە کە تەنانەت حەمیدرەزا جەلائیپوور کە تیۆریسیەنی سەرەکی ئێران لە هەردوو شەڕی سەربازی و فەرهەنگی دژی کوردە، لە وتارێکی دوورودرێژ لە سەر بزاڤی کوردستاندا گرینگترین هۆکاری کۆتاییهاتنی خەبات و بزاڤی کوردستان بە کۆتایی شەڕی چەکداری و نەمانی حیزبە کوردستانییەکان( حیزبی دێموکرات) لە قەندیل گرێ دەداتەوە.

ئێنشعابی بەشێک لە رێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەی حیزب لە دوای کۆنگرەی سێزدە، وێڕای ئەوەیکە یەکێک لە گەورەترین زەبرەکان بوو کە لە خەباتی حیزبی دێموکرات و بزاڤی کورد لە رۆژهەڵات درا، بەستێنێکی سیاسی کۆمەڵایەتی بۆ دروست بوونی پرسیار لە ناو حیزبی دێموکراتدا خوڵقاند.

لە شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی هەتا پاش ئێنشعابی دوای کۆنگرەی سێزدە شەڕە هێژمونی بەشێکی زۆر لە وزە و هێزی حیزبی بۆ بابەتی تەشکیلاتی و دەسەڵاتخوازی لە ناو باڵە جیاوازەکانی نێو حیزب بە فێڕۆ دەبرد. هەروەها ئەو شەڕە هێژموونییە ببووە هۆکارێک بۆ پێشگرتن لە پێکهاتنی هەرجۆرە پرسیار و بیرکردنەوەیەکی جیددی لە زەمینەی ئیستراتیژی و شێوازی خەبات.

کۆتایی شەڕی هێژمونی و هێوربوونەوەی دۆخەکە بەهۆی ئێنشعابی دوای کۆنگرەی سێزدەی حیزب، بوو بە هۆی ئەوەی کێشەکان زیاتر لە بەرچاوی کادر و پێشمەرگەی ناو حیزب دەربکەون. لە ئاکامدا بۆشاییەک لە زەمینەی شێوازی خەباتیش هاتە ئاراوە کە پێویستی تێگەیشتنێکی نوێی زیاتر لە هەرکات دەخستە روو. ئەمە بوو بە هۆی دوو بابەت: یەکەم حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەو راستییە رووبەڕوو ببوویەوە کە لە ماوەی هەشت تا دە ساڵی رابردوو لە بەرهەمهێنانەوەی مرۆڤی شۆڕشگێڕدا تووشی کێشە و قەیرانی جیددی بووە و دووهەم حیزبی دێموکرات هەستی بەوە کرد کە تێگەیشتنی "بەتەما راوەستان" و دەست لەسەردەست دانان حیزبی تووشی قەیرانی جۆربەجۆر کردووە و دەکات.

ئەم دوو بابەتە و هەندێک کاتالیزۆر وەکوو هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا و پارتەکانی باشوور لەگەڵ تاک و حیزبی رۆژهەڵاتی، تەواوییەتی حیزبی تووشی بەخۆداچوونەوە کرد. لە ئاکامدا تێگەیشتنی گشتی حیزبی دێموکرات ناچار بوو بە پێداچوونەوە لە شێوازی تەفسیری دنیای دەوروبەری و هەروەها بنەمای لێکدانەوەکانی. لەم بەستێنەدا رۆڵی جیلێکی نوێ لە ناو بەدەنە و لایەنگرانی حیزب بۆ هەنگاوهەڵێنان لەو ئاراستەیەدا زۆر گرینگ بوو. یەکەم بابەت کە ئەو جیلە رووبەڕووی حیزبی دێموکراتیان کردەوە بە بیرهێنانەوەی ئەو راستییە بوو کە مەودایەکی کەلتووری_تێگەیشتنی زۆر لە نێوان حیزب و کۆمەڵگادا لە ماوەی قۆناخی نسکۆدا هاتبووە ئاراوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە کۆی ئەو هۆکارانە وای کرد کە خواستی گەڕانەوە بۆ واقعگەرایی و نزیکبوونەوە بە راستییەکانی ناو کۆمەڵگا ببێت بە خواستێکی سەرەکی لە نێو حیزبی دێموکراتدا. باوەڕی گشتی لە نێو حیزبی دێموکراتدا ئەوە بوو کە حیزب بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە پێویستی بەوە هەیە کە پێش لە هەرشتێک راستییەکان بەو شێوازە کە لە رۆژهەڵات و لە ناوچەکە روو دەدەن ببینێت. واقعگەرایی لە بنەماکانی لێکدانەوە، پرەنسیپێکی دێرینی حیزبی دێموکراتە کە لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا بوو بە نەریتێکی خاوەن رەگەز، بۆیە ئەگەرچی هەر بەو جۆرە کە پێشتر ئاماژەی پێکرا رەوتی رووداوەکانی دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو ببووە هۆی لاوازبوونی، بەڵام ئەو نەریتە قەت لە ناو نەچوو و دوای ئەوە کە دیسان هەلی گونجاو هاتە ئاراوە، توانی سەر دەربێنێتەوە.

سەردەرهێنانەوەی نەریتی واقعگەرایی توانیویەتی بخزێتە ناو گوتاری حیزبی دێموکرات. لێپرسراوی گشتی حیزب لە پەیامەکەیدا بە بۆنەی نەورۆزی ٢٧١٩ دەڵێت: "ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەرچاومان روونە و دەزانین لە کوێی گۆڕانکارییەکاندا جێگامان دەبێتەوە و بەرەو چ ئاقارێک هەنگاو دەنێین. لە درێژەدا دەری دەخات کە ئەم بەرچاوروونییە وەکوو وەهمەکەی جاران نییە و بەڵکوو ئەساسی لە سەر تێگەیشتن لە راستییەکانە". هەر بۆیە دەڵێت: "ئەوەی روونە لای هەمووان، خۆرهەڵات و بە گشتی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتی تەنیایە واتە ئیتر ئەو تێگەیشتنە کە دەستێکی دەرەکی قەرارە بیروخێنێت و ئێمەش قەرارە وەک باشوور بچینەوە و دەسەڵات لە ناو خۆماندا دابەش بکەین لە ناو حیزبدا لاواز بووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە پێکهێنانی سیاسەت لە ناو حیزبدا نەماوە. ئەو هیوایە بە دەستی دەرەکی نە هیوایێکە کە بنەماکەی لە سەر راستی بنیات نرابێت و نەش روودانی ئەو هیوایە بابەتێکی مەتلووب و دڵخوازی هێزێکی شۆڕشگێڕە کە بەرنامەی بۆ رابەری کۆمەڵگا و گۆڕانکارییەکان هەیە.

## گەڕاندنەوەی ئەیجێنسی یان عاملیەت بۆ تاکی شۆڕشگێڕ

دیارە لێرە مەبەست لە ئەیجێنسی (Agency) یان عاملیەت پێوەندی بە واتای ئەو چەمکە هەیە کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار دێت. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو چەمکە بە واتای ئەوە دێت کە تاک بتوانێت ئەکتەکەی لەسەر ئیرادەی خۆی بنیات بنێت، واتە تاک بەبێ گوشار و کاریگەری ئەو پێکهاتانە ئیرادەی خۆی دەربخات. لەبەر ئەوەیکە بەرامبەری کوردی ئەم وشەیە دیار نییە بۆیە لێرە لە هەردوو بەرامبەرە ئینگلیزی و فارسییەکەی کەڵک وەردەگرین.

لەم باسەی ئێستادا ئەیجەنسی بە واتای ئەوە دێت کە تاکی شۆڕشگێڕی کورد بتوانێت دووبارە ببێتەوە بە ناوندی خوڵقاندنی گۆڕانکارییەکان. بەداخەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە کە لە دوای شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی هاتنە ئاراوە، عاملیەتی تاکی شۆڕشگێڕ لە ناو حیزبی دێموکراتدا سنووردار کرا و لە گوتارێک کە لەو سەردەمە بەسەر حیزبدا زاڵ کرا، خرایە چوارچێوەی نوێوە. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە بەشێکی بەرچاو لە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگا بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی ئەیجەنسی یان عاملیەت بگەڕێننەوە بۆ دەستی دەرەکی یان بۆ ئیسڵاحتەڵەبانی چوارچێوەی دەسەڵاتی رێژیمی ئێران بەڵام دەسپێکی راسان کاریگەری گرینگی هەبوو لە گەڕانەوەی ئەیجەنسی بە تاکی شۆڕشگێڕی کورد کە لێرە چۆنیەتی ئەو ئاڵوگۆڕانە بە کورتی باس دەکرێن.

قۆناخی جیاکردنەوەی خەبات لە ژینگەی خۆی یان قۆناخی "نسکۆ" کاریگەرییەکی تری لە سەر حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ هەبوو کە دەتوانین وەکوو تەنگ هەڵچنین بە ئەیجێنسی یان عاملیەتی تاکی شۆڕشگێڕ لە ناو حیزبی دێموکراتدا ناوی لێ ببەین.

پەرەپێدەرانی دۆخی نوێ لەو قەیرانە کەڵکیان وەرگرت بۆ زاڵ کردنی تێگەیشتنی "بەتەما راوەستان" بە گونجاوترین ئیستراتیژیان بە قەڵەم دەدا. ئەمە لە حاڵێکدایە کە چیەتی و شوناسی حیزبی دێموکرات هەموو کات گرێدراوی پێشڕەوبوون و شۆڕشگێڕبوونی ئەو حیزبە بووە. ئیرادەی تاکی شۆڕشگێڕ لە دابەزین لە شاخەوە سنووردار کرا و ئەمە بوو بەهۆی ئەوە کە ئەو تاکانە لە جێی ئەوەیکە ببن بە پێشەنگ و رابەری هەموو کۆمەڵگا لە گەشەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و لە ئاوانگاردبوونی مافی ژنان و منداڵان و باقی بابەتەکانی تری کۆمەڵایەتی، تارادەیەکی بەرچاو لە هەموو ئەو بوارانە لە کۆمەڵگای کوردستانی رۆژهەڵات و گۆڕانکارییە کەلتوورییەکان بەجێ مان.

تێگەیشتنی بە تەما راوەستان لەئاکامدا دوو بەرهەمی لە ئاستی سیاسەتدانان لێ دەکەوێتەوە، یەکەمیان هیواداربوون بە فاکتەری دەرەکی وەک ئامریکا و دووهەمیان هیوابەستنە بە لایەنی ئیسڵاح تەڵەب، بۆیە هەر دوو سیاسەتی چاوبەستنە ئامریکا و دڵخۆش بوون بە ئیسڵاحتەڵەب بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەک کە کوردی رۆژهەڵات وەک فاکتەرێک لە ناویدا جێگەی ببێتەوە دوو رووی یەک سکەن کە لەسەر سەندنەوەی عاملیەت و ئەیجێنسی لە تاکی شۆڕشگێڕی کورد بنیات نراون. ئەو سیاسەتە ناوەندی سەرنجی لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە گواستۆتەوە بۆ شوێنی دیکە و هیوا دەبەستێتە هەر شتێک بێجگە لە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی "خود"ی کوردی رۆژهەڵات .

ئەو تاکانەی کە بە هەوێنێکی شۆڕشگێڕانەوە، لەو پێکهاتە سەرکوتکەرانە هەڵهاتوون کە ئەیجێنسی و عاملیەتی ئەوانی لێ زەوت کردوون، جارێکی تر لە نێو حیزبدا لەگەڵ گوتارێک رووبەڕوو دەبنەوە کە پێیان دەڵێت پێکهاتەکان لە ئێوە بەهێزترن و ئێوە ناتوانن عاملیەتتان هەبێت.

لە لایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامیش لەو دۆخە دەست دەکات بە تیرۆری ئەندامانی حیزب لە باشوور کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە تاکی شۆڕشگێڕ لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا، خۆی زیاتر گیرۆدەی پێکهاتە سەرکوتکەرەکان و بێ دەسەڵات لە بەرامبەر ئەو پێکهاتانە ببینێت.

هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەیکە بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە هاتوون تاکوو ئیرادەی شۆڕشگێڕی خۆیان لە چوارچێوەی خەبات و سەرهەڵدان دەربخەن، چیدی ئەو شوێنە فیزیکییە بۆ مانەوەی خۆیان بە گونجاو نەزانن و بەرەو هەندەران بڕۆن.

دەسپێکی راسان بەڵام لە لایەکی ترەوە بە حیزبی دێموکراتی پیشاندا کە بکەری سیاسی ناتوانێت لە ئیرادە بۆ گۆڕانکاری بە دوور بێت و تەنیا بە دەرکەوتنی ئەو ئیرادەیە کە دەتوانێت دەرکەوتەی دەرەکی خۆی ببینێتەوە.

دوابەدوای دەسپێکردنەوەی راسان، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لە دانیشتنێکدا لە ناوەندی میری باس لەوە دەکات کە ئێمە وەکوو کوردی رۆژهەڵات بوونمان هەیە و بەقەد لایەنی بەرامبەرمان ئەمری واقێع و راستی ناو کۆمەڵگاین. لەو باسەدا سکرتێری حیزب باس لەوە دەکات کە حیزبی دێموکرات دەیەوێت ببێت بە "هێزی شوێندانەر" و فاکتەرێک کە بتوانێت رۆڵی ناوچەیی کوردی رۆژهەڵات بباتە ئاستێکی ترەوە. بوونەوە بە "هێزی شوێندانەر" گرینگترین چەمکێکە کە تێگەیشتنی نوێی حیزبی دێموکرات لە ژێر کاریگەری راسان بەرهەمی هێناوەتەوە. ئەو چەمکە رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانەوەی گوتارێک لە ناو حیزبی دێموکراتدا کە ئەیجێنسی و عاملیەت بۆ تاکی شۆڕشگێر دەگەڕێنێتەوە.

دەسپێکی خەباتی راسان بە سێ شێوە بە گەڕانەوەی ئەیجێنسی یان عاملیەت بۆ ناو حیزب یارمەتی دەدات: یەکەم ئەو پەتێرن یان پێوەرە هەڵسوکەوتییانە دەگۆڕێت کە ئیرادەی تاکی شۆڕشگێڕ گرێدراوی پێکهاتە سەرکوتکەرەکان دەزانێت؛ واتە ئەگەرچی پێشتر هەوڵ دراوە دەستەوەستان بوون بە ناوی ئاوەز و ژیری بە حیزب بفرۆشرێتەوە بەڵام حیزبی دێموکرات ئەمجارە بەو ئاکامە دەگات کە "ئەگەر ئەوان راستین ئێمەش راستییەکی ترین و بوونمان هەیە". ئەم باسە چ لە ناو باسی سکرتێری گشتی لە کۆنفرانسی میری بەو رستانەی سەرەوە رەنگ دەداتەوە چ لە ناو پەیامی نەورۆزی لێپرسراوی گشتی بە بۆنەی نەورۆزی ٢٧١٩. دووهەم بە دەستنیشان کردنی ئەو ئاکامە کە ئێمە وەکوو کوردی رۆژهەڵات دەمانەوێ ببین بە هێزی شوێندانەر و فاکتەرێکی کاریگەر لە رۆژهەڵاتی ناوین، رێگای داهاتوویەک روون و دیار دەکەوێتە بەرچاوی تاکی شۆڕشگێر. سێهەم، راسان گۆڕانێکی قووڵ پێک دێنێت لە ئەو شێوازەی کە تاکی کورد ستراتیژییە جیاوازەکان و کاریگەریان هەڵدەسەنگێنێت و بە کردەوە دەبینێت کە هێزی پێشمەرگە و بەرگری چەکدارانە چۆن خەریکە زیندوویی بۆ خەبات و کۆمەڵگای رۆژهەڵات دەگەڕێنێتەوە.

# سێبەری سپای تێرۆریستی پاسداران لە نێو قوتابخانەدا



حەسەن ساڵحزادە

پرسی پەروەردەو فێرکاریی ئێران ساڵانێکی دوورودرێژە کە بە دەستی نیزامیانی پارێزەری کۆنەپەرەستی قۆرخ کراوە و لە ئاکامی یاری کردن بە چارەنووسی ملیۆنان قوتابی، کۆمەڵگەیان لە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و قەیراناویدا هەڵپەساردووە. ئەو راسپاردانەی کە بەرپرسانی رێژیم بە ناوی "سربازان گمنام امام زمان" ناودێریان کردوون،هەمان لقوپۆکانی سەر بە سپای پاسدارانن کە بە مەبەستی تەزمینی ئاسایشی ئاخوندە چاوبرسی و دنیاپەرەستەکان لە درێژەی تەمەنیان لە هیچ چەشنە جینایەتێک خۆیان نەبواردووە.

هاندەری سەرەکی ئەندامانی سپای پاسداران ئەوەیە کە لە دوای قازانجی ماددی خۆیان دەگەڕێن، هەر بۆیە دەتوانین وەک هێزی بەکرێگیراو پێناسەیان بکەین. گرینگترین تایبەتمەندی هێزی بەکرێگیراو چاوچنۆکی لە رادەبەری ئەوە بۆ تالان و پەلەکردنە لە برەودانی گرژی دژ بەو لایەنانە کە فەرمانی لەناوبردنیانی پێدەدرێ. مزدوور هەناوێکی سەرکوتکراوی زامداری هەیە کە لە دڵرەقیدا سارێژ دەبێتەوە و دایم ئامادەی کردەوەیە. هەر بۆیە بەشێک لە باشترین رۆڵەکانی گەلی کورد و ئازادیخوازانی ئێران، بە بەردەوامی لەژێر چاودێری ئەم هێزە مزدوورەدا رەوانەی دادگا فەرمایشییەکان دەکرێن و سزای بێڕەحمانەیان بۆ دەبڕێتەوە.

لە دەزگای پەروەردەی ناسەردەمیانەی ژێردەستی رێژیمی ئاخوندیدا، ناوەندگەلێکی وەک بەسیج، گوزینش، ئیتلاعات و ... کە هەر هەموویان لە بنەڕەتدا سەر بە سپای پاسدارانن، خزاونەتە ناو قوتابخانەکان و جیا لە چالاکی سیخوڕی و ترسنانەوە، هەوڵی تەشەنەی بیری کۆنەپەرەستی دەدەن. لە لای خەڵکی کورد پێناسەی پاسدار بریتییە لە بێمێشکی، دواکەوتەیی، چەتەگەری و ئامرازی کاولکاری و گەندەڵی، هەربۆیە ئاوێتەبوونی بیری پاسدار لەگەڵ پرسی فێرکاریی قەیران و کارەساتی لێدەکەوێتەوە. لەحاڵێکدا کە خەڵک بە گشتی لە پاسدار و هاوبیرانی بێزارن، کەچی هەموو ساڵێک لە یەکی رەزبەردا خۆ دەخزێننە ناو خوێندنگەکان و لە جێگەی خۆشی و شادیی دەسپێکی ساڵی نوێ، شەڕی پڕ لە نەهامەتی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق، بە ناوی "هفتە دفاع مقدس" بە بەژن و باڵایان دەبڕن و جێژن و خۆشی لە بیر قوتابیان دەبەنەوە.

هەر وەک دەزانین ١٣ی خەزەڵوەر لە ساڵنامەی رێژیمی ئاخوندیدا وەک رۆژی قوتابی دیاری کراوە، ئەویش رێکەوتە لەگەڵ هێرشی کۆمەڵێک پاسداری راسپاردە بۆ سەر باڵوێزی ئامریکا لە تاران و بە ناوی "مبارزە با استکبار جهانی" پێناسەی دەکەن. بەمجۆرە لە نێو ساڵنامەی خوێندنی ژێر دەسەڵاتی رێژیمی ئاخوندی، لە هەموو بۆنەکاندا شوێنەواری سپای پاسداران رەنگ دەداتەوە. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەبەستەش، رێژیم هەمیشە هەوڵی داوە کە مودیریەتە باڵاکانی بواری پەروەردە بە پاسدار یان لانیکەم بەو کەسانە بسپێرێ کە لە ئیدە نگریسەکەی خۆیانەوە گلاون.

لە نێو قوتابخانەکاندا بوودجەی تایبەت بەو قوتابیانە دەبڕێتەوە کە باوکیان وەک پاسدار کوژراوە (خانوادە شهید) یا ئەوەی بەرگی پاسداری لە بەردایە (ایثارگر). ئیدارەی پەروەردەی شارەکان مودیری قوتابخانەکان ناچار دەکەن کە بەشێکی بەرچاو لە بودجەی قوتابخانە بۆ سەیران و خۆشی ئەو منداڵانە تەرخان بکەن کە لە ریزەکانی بەسیجدا ناونووسیان کردووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ماوەی چەند ساڵە بووجەی قوتابخانە لە لایەن دەوڵەتەوە براوە و مودیران ناچارن بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان، پووڵی زۆرەملی لە قوتابیان بستێنن، واتە سپای پاسداران هۆکاری سەرەکی نابەرابەری و خەفەقان لە پرسی پەروەردەیە.

بیری جینایەتکارانە و ناسەردەمیانەی سپای پاسداران بە هەموو جۆرێک لە ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکاندا دەبینرێ، بۆ وێنە پاسدارانێکی وەک جەلایی پوور، چەمران و هی لەم چەشنە، بابەتی چەواشەکارانە لە کتێبە دەرسییەکاندا بڵاو دەکەنەوە. یان بە زەقکردنەوەی داستانی درۆیینی "حسین فهمیدە"، بە ئاشکرا بانگەشەی بیری خۆبەکوشتدان لە ناو قوتابییاندا دەکەن. تەنانەت نووسەرانی کتێبە زانستییەکان لە هەڵبژاردنی ناوی دڵخوازی خۆیان بۆ مەسەلە و بابەتی جۆراوجۆر ئازاد نین و دەبێ لە ناوگەلێک کەڵک وەرگرن کە لەگەڵ ئیدیۆلۆژیکی بەرتەسکی دەسەڵات یەک بگرنەوە.

وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی رێژیمی ستەمکاری ئێران ئەو هەموو دەستێوەردانەی پێ کەمە و پاش پەسەندکردنی "بەڵگەی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پەروەردە و فێرکردن"، بە فەرمانی سەرکۆمار، داوای حوزووری هەرچی زیاتری هێزی بە ناو"بەسیج"ی بۆ قوتابخانە کردووە. هەروەها زۆر جار رەخنەی توند لە کەمتەرخەمییەکانی خۆیان دەگرن کە لەم ساڵانەی دواییدا دوژمن توانیویەتی دزە بکا و لە دەرفەتەکان کەڵکی پێویست وەربگرێ. بە باوەڕی ئەوان بۆ پەرەپێدانی کاروباری فەرهەنگی هیچ شوێنێک لە فەزای پەروەردە گونجاوتر نییە و بۆ دەسەڵاتداری درێژخایەن هیچ شتێکیشیان لە پەروەردە پڕبایەختر بەردەست ناکەوێ. لە درێژەی ئەم پرۆسە نگریسەدا بەرێوەچوونی پلانگەلێک وەک "تەرحی بەسیرەت"، "ئیلتزام بە ویلایەت" و"تەربیەتی سیاسی" مامۆستایان هاتنە ئاراوە و ناردنی هەزاران ئاخوندی بۆ ناوەندەکانی خوێندن لێکەوتەوە، کە سەردەمدارانی دەسەڵات بە "ئەفسەرانی شەڕی نەرم" ناودێریان کردن. بەمجۆرە دەبینین کە حکومەتی ئیسلامی قوتابخانەکانی کردۆتە بنکەی سپای پاسداران بۆ بەرهەمهێنانی ئامانجە ڕەشەکانی خۆی و هەڕەشەی جیددی و بەردەوامی بۆ سەر قوتابیان و مامۆستایان لە دەست دەرنەچووە. شیاوی باسە کە ناوی زۆربەی قوتابخانەکان بە ناوی پاسدارە کوژراوە شەڕەنگێزەکانەوە ناودێر کراون. جیا لەوەش، بۆ ئەوەیکە قوتابی و مامۆستایان لە قوتابخانەدا هەست بە ئازادی و ئارامی نەکەن و بە هیوای داهاتوویەکی گەش نەشەی ئاسایی خۆیان بە دەستەوە نەگرن، لە سەر دەرگەی هەر خوێندنگەیەک، تابلۆی بنکەی بەسیج لە تەنیشت تابلۆی ناوی قوتابخانە لێدراوە.

ئەگەر لە رووی سیاسییەوە بڕوانینە واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران، سەرکوت، خەفەقان و سانسۆر باڵی رەشی بەسەر گشت لایەکدا کێشاوە. سیستمی دەسەڵاتداری ئێران کە خۆی لە هەلومەرجێکی زۆر هەستیارو قەیراناوی هەمەلایەنەدا دەبینێ، بە بەربڵاوی چاوی بڕیوەتە جموجۆڵی ناوەندە مەدەنییەکان و لە ترسی ئەوەی ریزەکانی خەڵک سازمان نەدرێن دەستبەجێ بە گژ نارەزایەتییەکاندا دەچێتەوە. ئاشکرایە کە تێکڕای ئەم ناحەقیانە لە لایەن هێزەکانی سەر بە سپای پاسداران و لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بە ئەنجام دەگەن. هەر بۆیە خەڵکی ئێران و گەلی کورد بە تایبەتی هەمیشە لە سپای نفرەتی پاسداران بێزار بوون و بە هێزێکی تێرۆریستی کە تەنیا بۆ سەرکوتی خەڵکی نارازی و ئازادیخواز دامەزراوە، دەیناسنەوە.

لەخۆڕا نییە کە گەلانی ئازادیخوازی ئێران لە پەیوەست بوونی سپای پاسداران بە لیستی تێرۆری دەوڵەتی ئامریکا شایی دەگێڕن. ئەگەری ئەوە هەیە کە دەوڵەتی وڵاتانی دراوسێ و ئورووپاش هەرچی زووتر پشتگیری ئامریکا بکەن. سپای پاسداران کە جێگەو پێگەی راستەقینەی خۆی لە کوردستان باش دەزانێ، لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستە کوتوپڕەی دەوڵەتی بەڕێز ترامپ تووشی سەرلێشێواوی بووە و چاوی بە شادمانی خەڵک هەڵنایە. نیزام هەمیسان پەنای بردۆتەوە بەر قوتابخانەکان و کەڵکی خراپ لە منداڵانی بێ دەرەتانی ١٠-١٢ ساڵان وەردەگرێ. لە چەند رۆژی رابردوودا، مودیرانی ئیدارەی پەروەردە کە بۆ خۆیان لە لایەن ناوەندەکانی ئیتلاعاتەوە پەسەند کراون، بە هاواهەنگی لەگەڵ سپا و بە شێوەی زۆرەملی قوتابییانیان لە بەردەم بنکەی سپای پاسداراندا خڕ کردۆتەوە هەتا وا پیشان بدەن کە خەڵک بەو بڕیارەی دەوڵەتی ئەمریکا ناڕازین. لە لایەکی ترەوە جاشەکانیان هێنایە سەر خەت و لە هەندێ شوێنی تردا جلی پاسدارییان لە بەر کارمەندەکان کرد هەتا وانموود بکەن کە خەڵک و سپا لێک جیا ناکرێنەوە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر لە ئێران دەوڵەتێکی ئاسایی لە سەر کار دەبوو، لە سەر پرسی پەروەردە چ ئەرکێکی لە سەر شان بوو؟

منداڵ لە تەمەنی ٥-٦ ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە دەکرێ و قۆناخەکانی گەشەی فیزیکی،هزری، دەروونی و سۆزداری خۆی لە قوتابخانە تێپەر دەکا. قوتابیان لە قوتابخانە بابەتەکان وەردەگرن و دەیانگوێزنەوە بۆ بنەماڵە، کەوایە ئەم کارە دەتوانێ کاردانەوەی ئەرێنی یان نەرێنی بۆ بنەماڵە بەدواوە بێ. لەم رووەوەیە کە روانینی حکومەتە گەندەڵ و مافیاییەکانی جیهان بۆ سیستمی فێرکاری، داسەپاندنی ئیدئۆلۆژی فاشیستی و دژە مرۆییانەیە.

هەروەها زۆربەی قوتابخانەکانی ئێران بەتایبەت لە شارو گوندە دووردەستەکان پێویستی بنەڕەتییان بە چاکسازی و نۆژەنکردنەوە هەیە کە ئەویش بە بێ یارمەتی جیددی دەوڵەت چارەسەر ناکرێ.

مەسەلەیەکی دیکەی بواری پەروەردەی ئەم سەردەمە سەرنجدان بە سڵامەتی و پاک وخاوێنی خوێندنگاکانە. بە بڕوای کارناسانی تەندروستی، نەخۆشی جەستەیی یان ڕۆحی قوتابیان تەنیا هەرەشە لە یەک کەس ناکا، بەڵکوو ناسڵامەتی قوتابیان داهاتووی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە بۆیە پاراستنی باری سڵامەتی قوتابخانە، زامنی سڵامەتی کۆمەڵگایە.

ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە کە گوێڕایەڵی ویستی واقعی کۆمەڵانی خەڵک بێ. بەپێچەوانەی ئەخلاقی دێموکراتیک و سەردەمیانە، ئەمڕۆ لە قوتابخانەکانی ئێراندا میلیۆنان منداڵ لە حاڵێکدا درێژە بە خوێندن دەدەن کە ناچارن بە زمانێک بێجگە لە زمانی دایکی خۆیان دەرس بخوێنن. بەپێی لێکۆڵینەوەکان هەنووکە،٥ میلیاردو نیو لە حەشیمەتی جیهان واتە ٨٣٪ بە زمانی دایکی خۆیان دەخوێنن و تەنیا ١٧٪ منداڵان ئەو مافەیان پێ نەدراوە کە بە زمانی دایکی خۆیان گەشەونەشە بکەن. هۆکاری ئەم ئاستەنگەش دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانێک کە سیستمێکی سیاسی تۆتالیتێر یان دواکەوتوویان بەسەردا سەپاوەو پێکهاتەی وڵاتەکەیان چەند رەگەزییە کە لەودا رەگەزێک وەک راسیست دەسەڵاتی گشتی قەبزە کردووە. بە پێی ئاماری بڕواپێکراو ٢ لە ٣ بەشی حەشیمەتی ئێران واتە ٦٧٪ دانیشتووانەکەی لە ناوچەکانی ئازەربایجان، کوردستان، بەلوچستان و هتد دەژین و لە ئاکامی دەسەڵاتی پاوانخوازی ئاخوندەکان مافی خوێندن بە زمانی دایکیان لێ ئەستێندراوە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا بەرپرسانی فەرمی حکومەت لێبراوانە لە بیری چارەسەرکردنی کێشە ئەساسییەکانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردندان کە بە کورتی ئاماژەیان پێکرا؟

بە دڵنیاییەوە هەتا سپای پاسداران لە ئێران دەسەڵاتی بە دەستەوە بێ، وەڵامی ئەم پرسیارە بە نەرێنی دەمێنێتەوە. هەڵسوکەوتی دەزگای پەروەردە پێچەوانەی پێویستی کۆمەڵگە دەردەخەن و پرۆژەی بە نیزامی کردنی قوتابخانەکان و تێوەگلاندنی قوتابیان و مامۆستایان لە بیری کۆنەپەرەستانە، لەسەرەوەی هەموو ئامانجەکان زەق بوونەتەوە.

حکومەتی پێشێلکەری ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران ئەو بوودجە فرەیەی کە بۆ هێزە بەکرێگیراوەکانی لە ناوەندە جۆربەجۆرەکانی پێوەندیدار بە قوتابیان تەرخانی دەکا، هیچکات لە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانی پیشەیی و زانستی و کولتووریدا بە کاری ناهێنێ. ئەم سیاسەتەش لە سەرووی دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ و لە لایەن رێبەری، دەوڵەت و مەجلیسی کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست برەویان پێ دەدرێ تا بتوانن بە سانایی لە ئامانجەکانیان نزیک ببنەوە و لە ئەنجامدا تەمەنی دەسەڵاتداری نامەشرووعیان درێژ بکەنەوە.

پەرەپێدانی قوتابخانەی تایبەتی و رادەست کردنی بەرپرسایەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابخانەکان بە "حەوزەی عیلمییە"، نیشانەی پێکهێنانی بازاڕی ئابووری و تجارەت بۆ ژمارەیەک لە بەرپرسانی رەدە باڵای پەروەردەیە کە لە بەریدا حەواونەتەوە. هەروەها ناوەندگەلێکی بەهێزی ئابووری وەک "کانوونی قەلەمچی"، "ئازموونەکانی گاج" و هتد کە لە پانتایی ئێراندا و بە بەرفراوانی بە ناوی ئاسانکاری کۆنکووری سەرانسەری بۆ زانکۆکان چالاکی دەکەن، داهاتێکی سەرسامی ئابوورییان خڕ کردۆتەوە، کە لە ژێر چنگی تاقمێک بەرپرسی سەر بە وەزارەتی پەروەردەدایە.

لەم ناوەدا ئەرکی هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە کە لە بەرانبەر سەرەڕۆییەکانی بەرپرسانی نیزامی هەڵوێستی شیاو بگرن. ئەرکی نیشتمانی هەموومانە کە لە مافی رەوای منداڵان بەرگری و داکۆکی بکەین. ناشێ رێگە بدەین کە نەوەکانی داهاتوومان بکەونە بەر شاڵاوی یەکێک لە گەورە دیکتاتۆرەکانی سەردەمی جەهالەت و ببنە قوربانی سیاسەتێک کە کە کۆمەڵگەی داهاتوو نەتوانێ باجەکەی بدات.

# گوزەرانی خەڵکی ئێران لە ساڵی داهاتوودا

فەرهاد سلێمانپوور

بێکاریی و هەڵاوسان (گرانی) دوو کێشەی سەرەکین بۆ خەڵک و سەرچاوەی هەموو دەردە ئابوورییەکانی دیکەن و زۆربوونیان بڕست لە بەر تاک و خێزان دەبڕێ و ئاستی بژیو کەم دەکەنەوە و خەڵک دەخەنە دۆخی نەمرنەژییەوە. هەڵاوسان هێزی کڕینی خەڵک کەم دەکاتەوە، بۆ نموونە، خەڵک پارەکە (ساڵی پار) کە بە کەمتر لە ١٠٠٠ تمەن کیلۆیەک پیازیان دەکڕی، ئێستا بە ١٣ هەزار تمەن دەیکڕن، واتە هێزی کڕینی پارەیان کەمبووەتەوە، واتە ١٣ جار هێزی کڕینی پارەیان کەم بووەتەوە و ئیتر داهاتیان بەشی خەرجیان ناکات و بەرەبەرە بەرەو هەژاریی ڕەها دەچن و ڕێژەی چینی هەژاری کۆمەڵگە زیاتر ئەبێت. بێکاریش ئەگەر بەرۆکی تاک بگرێ و زۆر بخایەنێت (ئەگەر بیمەی بێکاریش نەبێت بیپارێزێ)، ئەوا ئاستی گوزەرانی بێکاربوو کەم دەکاتەوەو دەیباتە ڕیزی هەژاریی ڕەهاوە و وەیلان و کەیلانی دەکات. ئەم دەردی بێکارییە لە ئێراندا هەژاریی، لەخۆنامۆبوون، هەڵوەشاندنەوەی خێزان، دزی و تاوان، ئاوارەبوون و سەرهەڵگرتنی بە دواوەیە. بوونی بێکاریی لە ئاست وڵاتیشدا بە واتای ئەوەیە کە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنان واتە سەرمایەی مرۆیی بە فیڕۆ دەچێت و ئاستی بەرهەمداریی کەم دەبێتەوە. ئەگەر زۆر بخایەنێت، ئەوا گرنگی زانست و پەروەردە لای خەڵک کەم دەکاتەوە و داهاتووی منداڵ دەکەوێتە مەترسییەوە، کە ئێستە وای لێهاتووە. (خەڵک دەڵێن دوو تمەن پەیدا بکەی باشترە تا بخوێنی و نەبی بە هیچ).

لە ئابووریدا کەمتر وا هەیە ئەم دوو کێشەیە واتە بێکاریی (کە بەهۆی داکشانەوەیە) و هەڵاوسان (کە بە هۆی کەمی خستنەڕوو، یان زۆربوونی تێچوونی بەرهەمهێنان، یان هاوردەی شمەکی گران، یان زۆربوونی خواست بەهۆی زۆربوونی نەختینەییەوە، یان بە هۆی کەمبوونەوەی بەهای دراوەوە) پێکەوە ڕوو بدات، ئەگەر پێکەوە ڕوو بدات، ئەوا پێی دەڵێن هەڵاوسانە داکشان (stagnation).

داکشان یان داچوونی ئابووری بێکاریی بەدواوەیە، چونکە یەکە و کۆمپانیاکان بەرەبەرە مایەپووچ دەبن و هەرەس دەهێنن و دەستی کار بێکار دەبێ و بێکاریی زۆر دەبێ و، کەمدەرامەتی و هەژاریی ڕەهای لێدەکەوێتەوە. داکشان ئەگەر پێشی لێ نەگیرێت دەچێتە قۆناخێکی دیکەوە کە پێی دەڵێن چەقینی ئابووری . لەم قۆناخەدا ئیتر ئابووری بە یەکجاری دادەڕمێ و شیرازەی کۆمەڵگە لەبەریەک هەڵدەوەشێت.

هەمیشە وڵاتان ئەگەر ویستبێتیان کێشەی داکشان چارەسەر بکەن یان ڕێژەی گەشەی ئابوورییان زۆر بێت، ئەوا تا ڕادەیەک گوێیان بە هەڵاوسان نەداوە. گەشەی ئابووری واتە گەشەی کەرتی بەرهەمهێنان و ئەمەش واتە ڕەخساندنی هەلی کار و کەمکردنەوەی بێکاریی. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر ڕێژەی هەڵاوسان زۆر بووبێت، ئەوا تا ڕادەیەک گوێیان بە بێکاریی نەداوە و هەڵاوسانەکەیان کەم کردووەتەوە. ئێستا زۆربەی وڵاتان چەماوەی فیلیپسی ئابووریناس دەکەنە ڕێنوێنی خۆیان و لە نێوان بێکاریی و هەڵاوساندا خاڵێکی گونجاو دەستنیشان دەکەن، واتە ڕێژەیەکی کەمی هەڵاوسان و بێکاریی کە لە ٥٪ تێنەپەڕێت، دەستنیشان دەکەن.

لە ئێستادا ئەگەر کێشەی هەڵاوسانە داکشان لە هەر ئابوورییەکدا ڕوو بدات و ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، ئەوا ئابووریی سیاسی ئەو وڵاتە تووشی کێشەی بنەڕەتی بووە و کاربەدەستانی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتە ناکارامەن و لە ئاست کێشەکاندا چارەسەریان پێ نییە و چەقیون.




ئابووریی ئێران دەمێکە تووشەی ئەم دوو کێشە بووە. بەپێی سەنتەری ئاماری ئێران ڕێژەی هەڵاوسان لە ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ەوە تا ٢٢ی نۆڤەمبر بە ڕێژەی ٪٣٤،٩ بووە، سەنتەرەکە ڕێژەکەی بۆ کەلوپەلی خواردن و خواردنەوە و تووتن نزیکەی ٪٥٠،٣ بڵاو کردووەتەوە. لەبەرئەوەی حکوومەت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بوودجەی لە بانکی ناوەندی داوای قەرز دەکات (پارە لە چاپ دەدات)، ئەوا ڕێژەکە هەر هەڵدەکشێت، بەپێی بانکی جیهانیش بۆ ساڵی داهاتوو ٪٣١،٢ دەبێت . هەر بەپێی سەنتەری ئاماری ئێران کە لە مانگی جەنیوەری ئەمساڵدا بڵاوی کردەوە، ڕێژەی بێکاریی گەنج زیاترە لە ٪٢٧ و هی دەرچووانی زانکۆش لەسەرووی ٪٤٠ە . بۆئەوەی کێشەی بێکاریی چارەسەر بکرێت پێویستە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ڕێژەی گەشەی ئابووری ٪٨ بێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی پێشبینی بانکی جیهانی ڕێژەی گەشە بۆ ساڵی داهاتوو -٣،٨ دەبێت، ئەمەش واتە نەک هەلی کار نارەخسێت بەڵکوو بێکارییەکە هێندەی تر زیاتر دەبێت. هەردووک کێشەکە تا دێت زیاتر دەبن و تەنگ بە خەڵک هەڵدەچنن، بەم شێوەی خوارەوە:

داهاتی ئێران بۆ کەمتر لە ٨٠٠ هەزار بۆشکە نەوت دابەزیوە، لە دوو حەوتووی داهاتووشدا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا لێخۆشبوون بۆ چەند وڵاتێکی تر کە بۆ کڕینی نەوتی ئێران پێی دابوون، هەڵوەشێنێتەوە، ئەمەش واتە کەمبوونەوەی زیاتری داهاتی نەوت و کورتهێنانی بودجە، قوڵبوونەوەی زیاتری داکشان، بێکاریی زیاتر و چوونە ناو قۆناخی چەقینی ئابوورییەوە. کەمبوونەوەی داهاتی نەوت بە دوو ڕێگە دیسان بێکاریی و هەڵاوسان زۆرتر دەکات.

یەک. کە داهاتی حکوومەت کەم دەبێتەوە، وەبەرهێنان، بودجەی پڕۆژەکانی بەرهەمهێنان و ئاوەدانکردنەوە (عمرانی) و، پرۆژە نیمچەتەواوبووەکان کەم دەبنەوە و لەوانەیە بودجەکەیان کەم بێتەوە بۆ سفر، بەگشتی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان کەم دەبنەوە، ئەمەش واتە بێکاریی زیاتر دەبێت.

دوو. کە بودجەی حکوومەت زیاتر لە کورتی دەدات، بۆ پڕکردنەوەی دەبێ چی بکات؟ یان دەبێ پارەی یارمەتی (یارانە) ببڕێت، یان دەبێ باج زیاد بکات کە لەم دۆخەدا ئەوە سەر ناگرێت، یان دەبێ خەرجییەکانی کەم بکاتەوە کە ئەمەش ئاکامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، یان دەبێ نرخی وزە و بەرهەمەکانی وەک نرخی جیهانی لێبکات کە لە سەر خەڵک زۆر گران ڕادەوەستێت، یان قەرزی بانکەکان نەداتەوە، یان دەبێ بودجەی ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەکان ڕابگرێت کە ئەمەیان دەکات، یان دەستوەردانەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە کەم بکاتەوە کە دوورە ئەمەیان بکات، لە جیاتی ئەمانە ئاسانترین شت بۆ حکوومەت کە گوێ بە ئاکامەکەی نادات، قەرزکردنە لە بانکی ناوەندی، واتە بانکی ناوەندی پارە لە چاپ بدات، ئەم لە چاپدانە بێ پاڵپشتییە نائابوورییە، بڕی نەختینەیی زۆر دەکات و دەبێتە هۆی هەڵکشانی زیاتری نرخی شمەک (گرانی) و ئابووری توشی هەڵاوسانی هەرەزۆر (دەرئاسا) دەکات، لەوانەیە وەک دۆخی ئابووریی ئێستای ڤێنزۆئێلای لێبکات.

ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی ئێران دەڵێن دەیانهەوێ هەناردەی شمەکی نانەوتی زۆر بکەن و ئەو کەمییەی داهاتی نەوت پڕ بکەنەوە، (بۆ نموونە دەیانەوێ تا ساڵێکی تر هەناردە بۆ عێراق بگەیننە ٢٠ ملیارد دۆلار)، بەڵام لە کورتخایەندا ئەمە دەست نادات، چونکە بە هۆی سزای سەر ئابووری و بە تیرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانەوە (بۆ نموونە بنکەی خاتەمولئەنبیا بە هەزاران یەکەی بەرهەمهێنان، دەڵاڵی، وەبەرهێنان، یەکەی گواستنەوەی سەرمایە و دارایی و زۆر شتی تری بە دەورەوە هەیە کە لەمەوبەدوا ئەم یەکانە لە کاروباری ئابووریدا تووشی کێشە دەبن، چونکە بەشێکن لە سپای پاسداران)، ئەوا وەبەرهێنان، کەرتی بەرهەمهێنان و هەناردەی شمەکی نانەوتی زیاتر پەکی دەکەوێت.

لە ڕاپۆرتی بانکی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتی دراودا، گەشەی کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) بۆ ساڵی ٢٠١٩ بە ڕێژەی -٣،٨ و نزیک لە ڕێژەیە پێشبینی کراوە، ساڵی پار (٢٠١٨) -٣،٨بوو، ئەمە بە مانای ئەوەیە کە کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) کەم دەبێتەوە، ئابووریی ئێران تا دێت بچووک دەبێتەوە، کاروکاسبی و کەرتی بەرهەمهێنان زیاتر لاواز دەبێ و لە ئەنجامدا بێکاریی زیاتر ئەبێت. گەشەی ئابووری واتە گەشەی بەرهەمهێنان و ئەمەش کاتێک بەدی دێت کە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان واتە کرێکار، سەرمایە، زەوی، تەکنەلۆجیا و بەرێوەبردن و ڕێکخستن کارامە بن. بەپێی ئامارە جیهانییەکان بەرهەمداریی ئابووریی ئێران لە خوارەوەی تەنانەت بەرهەمداریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. بۆ نموونە، بوونی ئەو بێکارییە زۆرە بە واتای بەفیڕۆدانی بەشێکی بەرچاوی هێزی کار و کەمبوونەوەی بەرهەمداریی ئەو سەرچاوەیە. [بانکی جیهانی لە هەژمارکردنەکەیدا لە شێوازی "لەبەریەکڕاگرتنی هێزی کڕین" کەڵکی وەرگرتووە نەک هەژمارکردن بەپێی دۆلار.]

لە سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا ئابووریی ئێران چ بەبێ سزا و چ لەگەڵ سزا، ئابوورییەکی شپرز بووە، ئاماری ئەم چل ساڵەی ڕابردوو لەسەر بێکاریی، هەڵاوسان، گەندەڵی، ناشەفافیەت، دزیکردن، ڕانتخۆری، بەفیڕۆدانی پارە، هەژاریی ڕەها ، دەیسەلمێنێت کە ئابووریی ئێران لە دۆخێکی زۆر خراپدا بووە و تا دێت خراپتریش دەبێت. لە ئێستادا ئێران لە ڕیزی وڵاتانی پەرەنەسەندوو و پاشکەوتوودا هەژمار دەکرێت.

کۆماری ئیسلامی وائەنوێنێ کێشەکانی ئابووری بە هۆی سزا ئابوورییەکانەوەیە، وادابنێین واشبێت، سزای ئابووریی ئێران لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە. کێشەکان تەنیا بۆ سزا ئابوورییەکان ناگەڕێنەوە، ئابووریی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تووشی کێشە و گرفتی بنەڕەتی بوو. ئابوورییەک کە بڕوای بە بازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەت نەبێت، حکوومەتەکەی زۆر قەبە بێت، هێزە سەربازییەکەی (سپای پاسداران) دەستی بەسەر زیاتر لە ٪٦٠ی ئابووریدا گرتبێت، دادگای سەربەخۆ نەبێ کە لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران بکات، شەفافیەت لە داهاتی نەوت و گومرک و باجدا نەبێت، ڕکەبەرایەتی سیاسی لە ئارا نەبێ و تەنیا گرووپێک دەستی بەسەر سیاسەتدا گرتبێ و لە ڕێگەی سیاسەتەوە ئابووریشی قۆرخ کردبێت، کاری سیاسی و ئابووری لێک جیا نەکرابێتەوە، کاروباری ئیداری لەسەر بنەمای وەفاداری بەڕێوە بچێت نەک پسپۆڕی و تەکنۆکرات و، بەشی بەرچاوی داهاتی ئێران لە دەستوەردان و کاری تیرۆریستی و نابەجێدا خەرج بکرێت، ئەوا چۆن دەتوانێ کێشەکانی چارەسەر بکات. بە کورتی، سەرچاوەی کێشە ئابوورییەکانی ئێران بوونی کۆماری ئیسلامییە. تا لە دەسەڵاتدا بێت، وەک چۆن تا ئێستا کردوویەتی، سەرجەم داهات و سەرچاوەی سروشتی و مرۆیی بە فیڕۆ دەدات.

Productivity .
Recession .
Absolute poverty .
Depression .
Economic growth rate .
Philips curve .
Optimum point .
https://openknowledge.worldbank.org/bitstream/handle .10986/31445/9781464814082/pdf.
(Purchasing power parity (PPP .

# کۆماری ئیسلامی و قەیرانەکانی

**نەکەرۆز**



سەرەڕای ئەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بابەتێکی دانەبڕاون لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵام لە هەندێک کۆمەڵگای وەک ئێران کێشەگەلێک وەکوو: تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان، بێکاری، هەژاری،گەندەڵی، لەشفرۆشی و دەیان ئاریشەی دیکە تا ئاستێکی هەرە مەترسیدار ڕووی لە هەڵکشان بووە.

بە شێوەیەک کە دەسەڵاتدارانی ئێرانیش ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەک قەیرانێک بەربینگی کۆمەڵگای ئێرانی گرتووە و ئەم بابەتە لە چلەمین ساڵی دەسەڵاتداری ئێراندا زیاتر خۆی نواندووە.

هەرچەند تێڕوانین لە هەر یەک دەلاقەکانی بایۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە ڕیزبەندێکی جیاوازمان ئەداتە دەست لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

بەڵام بەگشتی ئەتوانین بڵێین؛

- بێکاری
- هەژاری ئابووری
- تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان
- گەندەڵی
- توندوتیژی
- تەڵاق
- بێباوەڕی کۆمەڵاتیەتی
- ...

لەو کێشە کۆمەڵایەتیانەن کە لە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی باون، کە بە کورتی دەپەرژێینە سەر هۆکار و دەرەنجامی گرینگرینیان.

بێکاری

بە دڵنیاییەوە دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی هەر تاکێک پێوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ کار و داهاتی ئەو کەسە هەیە.بێکاری گرنگترین هۆکارە بۆ تێکچوونی هاوسەنگی کۆمەڵگا و دروست بوونی قەیرانگەلی کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی و سیاسی.

بێکار لە ئابووریدا بە کەسێکی تەمەن ١٥ تا ٦٥ ساڵی خوازیاری کار دەوترێت کە هیچ پیشە و سەرچاوەی داهاتێکی نەبێت.

بە پێی وتەی شارەزایان و لێکۆڵەرانی ئابووری ئێران، گرینگترین هۆکارەکانی بێکاری بریتین لە: گەمارۆ ئابوورییەکانی ئێران و لە ئاکامدا داخرانی زۆرێک لە ناوەندە پیشەسازییەکان، هەڵبەز و دابەزی ئابووری، دابەش نەکردنی شیاوی داهات و پێداویستی، نەبوونی دامەزراندن لە ناوەندە پیشەسازی و بەرهەمهێنەرەکان، گرتنەبەری سیاسەتی هەڵە و نەبوونی ڕاهێنان لە پێوەندی لە گەڵ پێویستییەکانی بازاڕ و چەندین هۆکاری دیکە.

هەروەها دەرهاویشتەکانی بێکاری بریتین لە: هەژاری و دەسکورتی، زیاد بوونی تاوانکاری، گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، هەست کردن بە بێنرخی، دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، توندوتیژی و ...

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکرا بێکاری ئەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ داڕمانی پرێستیژ و بنەماکانی کۆمەڵگا.

شایانی باسە بە پێی ئامارە بڵاو کراوەکان پاێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بێکاریدا پشکێکی بەرچاویان بەردەکەوێ. بە پشت بەستن بە ئامارە تۆمارکراوەکان لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ تەنیا لە سەرەتای ساڵی ٩٧ـەوە زیاتر لە ٧٠ کەس بەهۆی بێکاری و کەم داهاتییەوە کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە.

هەژاری ئابووری

هەژاری دیاردەیەکە کە لە چەند ڕەهەندی جیاوازی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا خۆی دەنوێنێت و لە گەڵ هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە.

ئێرانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی، بەردەوام لە قۆناغگەلی جیاوازدا لە گەڵ کێشەی هەژاری بە تایبەت لە بواری ئابووریدا بەرەوڕوو بووە. بەشێوەیەک کە لە دەیەی ڕابردوودا ئەم دیاردەیە تا ئاستێکی هەرە قەیراناوی ڕووی لە زیادبوون بووە.

هۆکارەکانی هەژاری لە ئێران:

هەژاری دیاردەیەکی ئاڵۆزە و دەکرێت بەرهەمی جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتەی سیستەمی دەسەڵاتدار و ڕێکارە سیاسی و ئابوورییەکانی و هەروەها کردەوەی تاکەکان بێت. لەم نێوانەدا دەوڵەت و سیاسەتەکانی سەرەکیترین هۆکارە.

بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە ساڵانی ڕابردوو لە لایەن خودی حکوومەتی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە، لانیکەم ٥٠٪ ی بنەماڵەکانی ئێران بەتایبەت لە پارێزگانی سنە و سیستان‌وبەلووچستان و باکووری پارێزگای خۆراسان لە گرووپە کەم داهاتەکانی یەکەم تا سێهەمن. بەپێی دابەشکارییە جوگرافییەکانیش ناوچە سنوورییەکانی ئێران، زیاتر لە پارێزگا ناوەندییەکان گیرۆدەی هەژارین و دابەشکردنی داهات لەو ناوچانە ناهاوسەنگە.

ئەمە لە حاڵێکدایە هەندێک ئاماری نافەرمی بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدارتر لەم دیاردەیە ئەدوێن.

بە لێکدانەوەیەکی وردی داهات و خەرجی ئەتوانین بڵێین دوو لەسەر سێی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری ڕێژەیی و ١٢ تا ١٧ ملوێن کەسیش لە ژێر هێڵی هەژاری لەڕادەبەدەردان.

هەژاری وەکوو دیاردەیەک، لە وەدیهاتنی لادان و کێشەکۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت؛ تاوانەکانی گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان، دزی و دەیان ئاریشەی تر کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە.

کۆمەڵگای ئێران بەگشتی کۆمەڵگایەکی سەقامگیر نییە و هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و بە تاڵان بردنی شۆڕشەکە لە لایەن ئاخووندەکانەوە، بە دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئامریکا و دژایەتی کوێرکوێرانە لە گەڵ ڕۆژاوا، ئێران تووشی شەڕێکی سارد بوو بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا، کەهەتا ئەمڕۆکەش بەردەوامە.

ئاکامی ئەم شەڕە و هەروەها شەڕخوازییەکانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی ئێران، تاقیکاری مووشەکی،چالاکی ئەتۆمی و سەدان کردەوەی شەڕەنگێزانەی تر، تەریک‌کەوتنەوەی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتی و گەمارۆ قورسەکانی ڕۆژاوا بووە کە سەرلەبەری دام و دەزگا و هەروەها کۆمەڵگای ئێرانی گرتووەتەوە.

شایانی باسە سەرەڕای ئەوەی کە بە دەیان قەیران سەرلەبەری کۆمەڵگای ئێرانی گرتووەتەوە، دەسەڵاتداران نە توانای چارەسەریان هەیە و نە هیچ خواستێکیشیان لە سەر چارەسەری ئەو کێشانە هەیە. تەنانەت کێشانە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بە ئەنقەست و سیستێماتێک ئاراستەی ناو کۆمەڵگای هەندێک لە نەتەوەکانی ئێران دەکرێت. نموونەی هەرەبەرچاو هەوڵ دان بۆ هەژار هێشتنەوە و ڕێگە خۆشکردن بۆ بڵاوبوونەوەی ماکەی هۆشبەر و سەدان ئاریشەی تر لە کۆمەڵگای کوردستاندا کە لێکەوتەکانی لە ئامارە بڵاو کراوەکاندا بە ڕوونی خۆیان دەنوێنن.

دیارە باسکردن لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەریان لە توانای ئەم باسە بەدەرە و پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستی و لۆژیکی و هەروەها ئیمکانات و خواستێکی بەهێزە کە هەنووکە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەربەستە لە بەرانبەر وەها هەوڵێکدا.

# پڕۆسەکانی ڕێژیم بۆ وێران کردنی داهاتووی خەڵکی ئێران

**سۆران شەمسی**

چ لێدوانێک و شیکردنێک بۆ بارینی بارانەکانی بەهاری ئەمساڵ بوونی هەیە؟ ئەگەر بەرهەمدارکردنی هەورەکان ، بڵاوکردنی پارازیت نەبێ چ شتێکی دیکە دەبێتە هۆی ئەم بارینە بێ وێنەیە؟

دیاردەی لافاو یەکێک لە گرینگترین و بەربڵاوترین بەڵا سرووشتییەکانی وڵاتی ئێرانە،هەر بەم بۆنەوە و بە پێی ئاماری جیهانی، وڵاتی ئێران لە ڕێژەی ١٠وڵاتی یەکەمی (بلاخیز) دونیایە کە لە پلەی ٦م دایە کە هەموو جۆرە بەڵایەکی سروشتی وەک بوومەلەرزە، لافاو، تۆفان روو ئەدات کە لە هەموو ئەو بەڵایانە ئیحتماڵی ڕوودانی لافاو لە پلەی بانتردایە و بەداخەوە خەسارەت و مەرگ و نەمان بە هۆی لافاو لە ئاستێکی هەرە زۆرە و لە پەرە سەندندایە.

باران بارینی بەردەوامی چەند ڕۆژی رابردوو لە وڵاتی ئێران ئەویش لە ساڵێکدا کە راگەیەندراوە وشکترین ساڵی ئاوی لە مێژووی ئێرانە، بۆتە هۆی سەرسووڕماوی زۆربەی خەڵکی ئێران و پرسێکی تازەی هێناوەتە ئاراوە.

ڕووداوی ناخۆشی چەند ڕۆژی رابردوو و هاتنی لافاوی کاولکەر لە وڵاتەکەمان کە خەسارەتی گیانی و ماڵی لە گەڵ بوو,گرینگی مۆدیریەتی درووست زیاتر لە پێشتر نیشان دەدات، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە بەو شێوازە کە ئەبێ گرینگیان پێ نەداوە. مۆدیریەتی دروست و کارامە و کۆمەڵێک کار کە دەبێتە هۆی بەرگری لە لافاو و بەرگری لە داڕزانی خاک و خۆڵ و بەهێزبوونی پووششی گیاهی، سازکردنی سەدی خاکی بچکۆلە، بەنداوەکانی ژێرزەوی و سەرزەوی بەردی، چاندنی نەمام و دەوەن (بوتە)بەشێکن لەو کارانەی کە دەتوانێ هەنگاوێکی بەهێز بێت.

گرینگترین پرسێک کە ئەبێ ئاگاداری زیاترمان لەسەری هەبێت و کاری زۆرتری بۆ بکەین ئازار پەزیرییە.

کاتێک دارستانەکانی باکووری ئێرانیان خاپوور کرد، ئاستی پاراستن و ڕاگرتنی ئاوی ژێرزەوی دائەبەزێ و بە هەر باران بارینێکی ئاساییش لافاو هەڵدەستێ.

زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا بە مەبەستی پیشگیری کردن لە هاتنی لافاوەکان هەوڵ بۆ پەرەدان بە کەرتی "ئابخیزداری" دەدەن، وەکوو چاندنی پووششی گیاهی و دووبارە زیندوکردنەوەی دارستانەکان و سازکردنی بەنداوی بۆتونی و خۆڵی.

بەم هەموو شتە لە وڵاتی ئێمە کۆی بودجەی تەرخان کراو بەم بەشە، ساڵ بە دوای ساڵ کەم کراوەتەوە، لە حاڵێکدا کە ڕەوتی ئەنجامدانی پلانەکانی ئاوریژوانی (ابخیز داری) دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر لە خەسارەتەکانی پەیوەندیدار بە لافاو کەم بکاتەوە؛ هەروەها بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ وشکەساڵیش کاریگەری لەبەر چاوی هەیە، پێویست بە لێکدانەوەیە کە زۆرینەی کۆی داهاتی وڵات بۆ کرین و سازکردنی کەلوپەلی نیزامی (تسلیحات)، ناوەندە ئایینییەکان و سەرکوتی خەڵک تەرخان دەکرێ.

جیا لەمانە گۆڕینی کاربەری و دەستێوەڕدان لە ڕێڕەوی ڕووبارەکان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی لافاوەکانی چەند ڕۆژی رابردوو بووە.

بەکارهێنانی تێکنۆلۆژی نوێ و وەبەرهێنان(سرمایە گزاری) لە بەستێنی مۆدێتەکانی مۆدێرن وەدەسهێنانی ئاو بە سەردێری یەکێک لە ڕێکارەکانی قەرەبووی کەمیی ئاو لە داهاتوو دەناسرێ.

یەکێک لە ڕەوشەکانی باس کراو، کەڵکوەر گرتن لە تێکنۆلۆژی و بەرهەمدار کردنی هەورەکانە کە لە حاڵی ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وەکوو ڕەوشێکی باو بۆ زیادبوون و وەدەسهێنانی ئاو کەڵکی لێوەردەگرن.

تێکنۆلۆژی بەرهەمدارکردنی هەورەکان بەشێکە لە زانستی هاوسەنگ کردنی ئاووهەوا کە ئامانجە سەرەکییەکەی زیادکردنەوەی باران بارین بە کەڵکوەرگرتن لە دەرهێنانی گۆڕانکارییەک لە تایبەتمەندییەکانی هەورەکانە، لەم تێکنۆلۆژییەدا لە ڕێگای تەزریقی فاکتەرەکانی بەرهەمدارکردن، پرۆسەی بنیاتنانی تۆوی بارین لە هەور توندتر دەبێ و لەکۆتاییدا ڕێژەی بارینی بەدیهاتوو زیاتر دەبێ.

بیرۆکەی داهێنانی بارین لە ڕێگای بەرهەمدارکردنی دەستکردی هەور بۆ یەکەمین جار پسپۆڕەکانی رووس بە دامەزراندنی ئانیستیتۆی بارانی دروستکراو بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئیمکانی هەموارکردنی ئاووهەوا لە ساڵی ١٩٣٢ی زایینی هێنایەنە بەرباس، دیارە ئەمڕۆکە زیاترین پرۆسەکانی بەرهەمدارکردنی هەورەکان و توێژینەوە(پژووهش) لەمبارەوە لە وڵاتی ئەمریکا ئەنجام درا. هەر دیاردەیەک کە بارینی خەست و توندی لێدەکەوێتەوە، دەتوانێ پێشهاتنی بوومەلەرزە ئاسانتر بکات. بارانی خەست چینەکانی بەشی سەرەوەی خۆڵ لەنێو دەبات و دەبێتە هۆی داڕزانی توند و لە ئاکامدا زەختی کەمتر لە سەر کلێنەکان(گسل ها) و ناوچەکانی لێک پسان و جیابوونەوەی بەردەکان دێت و ئەم ناوچانە بۆ هەڵڕشتنی وزە کە لە ناو زەوی پاشکەوت بووە ئامادەیی زیاتری هەیە.

خەسارەتەکانی تۆفان و لافاوی چەند ڕۆژی رابردوو تەنیا بە هۆی چەند کاتژمێر بارین رووی داوە، وای دانێین بارینی باران زیاتر لە یەک ڕۆژ بوایە، لەم حاڵەتە شاهیدی خەسارەتی زیاتر و ڕووداوی تاڵتر و دڵتەزێنتر لە ئێستا دەبووین.

بارینی بەم شێوازە پاشکەوتی ئاوی ئێران ڕزگار ناکات، ئەم وتەچەندین جار لە دوای بارینی باران بیستومانە، بەڵام چ باسە؟ ڕاستی بابەتەکە ئەمەیە کە بەشی هەرەزۆری سفرەکانی ئاوی ژێرزەوی بە هۆی وشکەساڵی کاول بووە و ئاوی باران شوێنێکی بۆ پاشکەوت کردنی لە ژێر زەوی نییە، کەواتە زۆربەی بارینەکان لە ڕووی زەوی ڕەوان و بە هەڵم دەبێ یا ئەوەیکە بەهۆی نەبوونی کەرەستەی پێویست و لەبار و مۆدیریەتی ناکارامەی ئاو بۆ کۆنترۆڵی ئەم بارینانە، بە شێوەی ڕووبار و زێ سنوورەکان دەبەزێنێ.

هەڵەی زۆر لە پرسی ئاو لە ئێران رووی داوە و هەڵەکان بەردەوام دووپات و چەندپات دەبنەوە، سیاسەتی نادروستی درووست کردنی بەنداو، ڕاگواستنی ئاو لە یەک جێگا بۆ جێگایەکی دیکە و بە کارهێنانی پلان و ڕێکاری هەڵە لە بەکارهێنانی ئاو بۆتە هۆی ئەوە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە پرسی سیاسەت ڕاپۆرتی نادرووست عەمەڵ بکەن و چالاکی و پلانەکانیان کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەبێتۆ. وەزیری کشتوکاڵ و وزە و هەروەها بەرپرسی ژینگەپارێزی ئێران هێشتا بە دوای پرۆسەکانی گواستنەوەی ئاو و دروست کردنی بەنداو دەکەون کە مەترسی خستۆتە سەر ژیانی خەڵکی ناوچە. لەوانەیە بتوانین بڵێین کە پرۆسەکانی ناوخۆی ڕێژیم بۆ وێران کردن و کاول کردنی داهاتووی خەڵکی ئێران بەس بێت. بارینی باران بە بەردەوامی چەند ڕۆژی رابردوو لە وڵات، ئەویش لە ساڵێکدا کە راگەیاندراوە وشکترین ساڵی لە بواری ئاو لە ئێرانە، بۆتە هۆی حەپەساوی زۆربەی خەڵک و پرسیاری سەرنجراکێشی بۆ هەموو خەڵکی ئێران هێناوتە ئاراوە.

لەم دواییانەدا جێگری یەکەمی سەرکۆماری ڕێژیم بە هۆی وشکەساڵی توند لە وڵاتی ئێران بڕیاری دا تا هەورەکانی ئاسمانی ئێران بەرهەمدار بکرێن.

لافاوی تازە لە بارودۆخێکدا رووی داوە کە ئێران لەگەڵ قەیرانی ژینگە و کەمئاوی لە ساڵانی رابردوو رووبەرووە و ناکارامەیی حکومەتی توتالیتاریزمی ئێران بۆ بەرابەری لەگەڵ ئەم قەیرانانە کێشەیەکی زۆری بۆ خەڵک هێناوەتە پێشێ.

دواوتە بریتییە لەوەیکە لافاو فاکتەری ئینسانی هەیە و قامکی تاوان بەرەو لای ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێرانە. لە حاڵێکدا ئەوان ئەیانهەوێ قسوورییەکەی بخەنە ملی باران بارینی سرووشتی. جێی سەرنج ئەوەیە کە تا ماوەیەک پێش ئێستە سزا نێودەوڵەتییەکان تەنیا کاغەز پارەیەک زیاتر نەبووە بەڵام ئەمڕۆ شاهیدین کە تەواوی کەموکوورییەکان و قسوورییەکان دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەیخەنە سەر سزا نێودەوڵەتییەکان و لەڕاستیدا چونکە نایانهەوێ یارمەتی خەڵکی لێقەوماو بدەن بە بیانووگەلی جۆراوجۆر خەریکی چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتین، خەڵکی ئێران قوربانی ڕێژیمێکی بێبەزەیی و تۆتالیتێرن کە تەنانەت پێداویستییە سەرتاییەکانی خەڵک بە هۆی ناکارامەیی وەها ڕێژیمێکی گەندەڵ کە تووشی بەڵا بوونە، لەوان دەریغ دەکات، ڕێژیمی دیکتاتۆرو تۆتالیتاریست و کاربەدەستانی چەتەی، چی بەسەر خەڵکی وڵاتەکەمان دێنن؟ ئایا بە بوونی وەها ڕێژیمێک، داهاتووی روون بۆ خەڵک ئەم نیشتمانە دەمێنێتەوە؟




نەکەرۆز:

# بڕیاری بە تیرۆریست ناساندنی سپا بڕیارێکی گرینگە و بارودۆخی ناوخۆی ئێرانیش بە جۆرێکە کە زەمینەی چالاکی زیاتری هەمەلایەنەی بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری تێدا بەدی دەکرێ

مژاری بەتێرۆریستناساندنی سپای پاسداران لەلایەن ئامریکاوە، بووەتە ڕۆژەڤی باس و خواستەکان لە ئێران و کوردستان و بەشێکی بەرچاو لە میدیای جیهانی و ناوچەیی؛ ئەم بڕیارە چ کاریگەرییەک لەسەر ڕۆژەکانی دواتری خۆی دادەنێت؟ کاریگەرییەکانی بەنیسبەت دۆزی گەلەکەمان چین؟ ئایا دەتوانێ یارمەتیدەری پێشخستن و تەنانەت جێگیربوونی دێموکراسی بێت؟ وڵامی ئەم پرسیارانەمان لە چاودێرێکی سیاسی نیشتەجێی لە خۆرهەڵاتی کوردستان وەرگرتووە کە لێرەدا سەرنجتان بۆ بینینی ڕادەکێشین:

**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

**— ڕێکەوتی ١٩ی خاکەلێوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە بڕیارێکدا، ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بەفەرمی وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساند و هەر جۆرە هاوکاریی و هاوئاهەنگیی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیەی وەکوو پشتیوانی لە تێرۆریزم وەسف کرد؛ ئامانجی سەرەکی ئامریکا لە بە تێرۆریست ناساندنی سپا چییە؟ ئایا تەنیا هەوڵێکە بۆ ناچارکردنی ڕێژیمی تاران بۆ قبووڵ کردنی مەرج و پێشمەرجەکانی ڕۆژئاوا؟**

چەند ساڵێک پێش لە هاتنە سەر کاری دۆناڵد ترامپ، ئاڵوگۆڕگەلێکی قووڵ لە جیهاندا و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕویان دا، کە پێویست بوو سیاسەتی دەرەکی زۆربەی وڵاتان و یەک لەوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت . ئێران وەک وڵاتێک کە پاڵپشتی لە تیرۆر دەکرد و کێشەی بۆ زۆربەی وڵاتانی ناوچە و بەتایبەت بۆ ئەمریکا و وڵاتانی دۆست و نیزیک لە ئەمریکا دروست دەکرد، پێویست بوو کە ئامریکا هەڵوێستێکی جیددیتر لە جاران بەرانبەر بە ئێران بنوێنێ، پێموایە ئامریکا لە بە تیرۆریست ناساندنی سپا زۆر ئامانجی کورتماوە و درێژماوە تەعقیب دەکات کە ئەوەی لە ئێستادا زیاتر بەرچاو دەکەوێ بەرتەسک کردنەوەی مەیدانی چالاکییە تیرۆریستی و ئاژاوەگێرییەکانی ڕێژیمی ئێرانە لە ناوچەکەدا کە بەشی هەرەزۆری بە دەستی سپای تیرۆریستی پاسداران بەڕێوە دەچێت. لە درێژەی ئەمەدا ئەمریکا دەتوانێ مەرج و پێشمەرجی خۆی بە سەر ئێراندا بسەپێنێ بەڵام بێگومان مەبەستگەلێکی دیکەش لە پشت بە تیرۆریست ناساندنی سپادا هەیە کە لە درێژماوەدا زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کە لام وایە تەنانەت تەئسیراتی لە ناوخۆی ئێرانیشدا دەبێ .

**— ئایا ئەم بڕیارە دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر خێراتربوونی ڕەوتی داڕمانی ڕێژیم؟ بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە سپا سەرەکیترین کارتی یاری کردنی کۆماری ئیسلامی بوو چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران:**

بارودۆخی زۆر خراپی ئابووری و بێکاری و نەبوونی ئازادی لە ئێراندا و گەندەڵی لە ڕادەبەدەری ئیداری و بێ مودیریەتی و زۆر هۆکاری دیکە کە ساڵانێکی زۆرە دانیشتووانی ئێران بە دەستییەوە دەناڵێنن هۆکارگەلێک بوون کە ببوونە هۆی ئەوەیکە ڕەوتی ڕووخانی ڕێژیم پێش لەم بڕیارەی وڵاتی ئەمریکا دەست پێبکات. ئەم بڕیارە چەند دەستەییەکانی نێو ڕێژیم زیاتر دەکات. [بەپێچەوانەی ئەوەیکە نوێنەرانی ڕێژیم جلی سپایی لە بەناو مەجلیسدا دەکەنە بەریان یان مۆرە سیاسی ونیزامییەکانی ڕێژیم ئیدعا دەکەن ئەم بڕیارە ئەوان یەکگرتووتر دەکات] لە پاش ئەم بڕیارە سپا چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێراندا ئاستەنگی ماددی و نیزامی بۆ دێتە پێش و چیدی ناتوانێ پارێزەری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بێت. هەر ئەمەش ڕەوتی ڕووخانی ڕێژیم خێراتر دەکات لە چاو ڕۆژانی پێش لەم بڕیارە .

> **لە پاش ئەم بڕیارە سپا چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێراندا ئاستەنگی ماددی و نیزامی بۆ دێتە پێش و چیدی ناتوانێ پارێزەری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بێت، هەر ئەمەش ڕەوتی ڕووخانی ڕێژیم خێراتر دەکات لە چاو ڕۆژانی پێش لەم بڕیارە.**

**— پرسی بە تێرۆریست ناساندنی سپا هاوکێشە ناوچەییەکان دەگۆڕی؟ بەو واتایە کە بەرەی دژەتاران تۆکمەتر دەکات؟**

لەو ڕووەوە کە سپا ئەکتەرێکی چالاکی کێشە و ئاژاوەخوڵقاندنەکانە لە جیهان و ناوچەدا، بە تیرۆریست ناساندنەکەیشی لە لایەن ئەمریکاوە تا ڕادەیەکی زۆر پێش بە چالاکییەکانی دەگرێ. بە جۆرێک کە ئیتر ناتوانێ دەوری پێشوو بگێڕێ. کەم بوونەوە و بچووک کردنەوەی کارە تێکدەرانەکانی سپا لە ناوچەدا دەتوانێ ببێتە هۆی هێزگرتنی زیاتری دژبەرانی سیاسەتەکانی تاران. ئەوە کە چەندە ئەو لایەنانە دەتوانن بە شێوەی هەماهەنگ و تۆکمە هاوکاری یەکتری بکەن دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی تەعامول کردنیان لەگەڵ یەکتری بەڵام ئەوە ڕوونە کە پاشی ئەم بڕیارە هەر کام لە دژبەرانی سیاسەتەکانی تاران بە تەنیاش بەهێزتر لە جاران دەبن چونکە سپا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازی زیاتر دەچێت و هاوکێشە ناوچەییەکان ئاڵوگۆڕی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ .

**— عێراق یەکێک لەو وڵاتانە بووە کە لە پاش ڕووخانی سەددام بووە گۆڕەپانی تەراتێنی چەکدارانی سپا و لقوپۆپەکانی و تەنانەت ناوەندێکی لەبار بۆ سپیکردنەوەی پارە لەلایەن سپاوە؛ لە دوای ئەم بڕیارەی ئامریکا چی؟ ئامریکا هێزەکانی سپا لە عێراق دەر دەکات؟**

چ لە پێش ڕووخانی سەدام و چ پاش ڕووخانی حکومەتی سەدام حسەین لە عێراقدا، ئێران لەباری دینی و فەرهەنگی و ئیقتسادی و نیزامی و جاسوسییەوە بە شێوەی جۆراوجۆر جێگای بۆ خۆی کردبوویەوە، کاربەدەستانی عێراقی و ئەمریکایی و وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت بە شێوەی لێبڕاوانە نەکەوتوونەتە دژایەتی ئاشکرا یان دەرکردنی هێزەکانی سپا لە عێراقدا. ئەم بڕیارە دەتوانێ خاڵی وەرچەرخانێک بێت بۆ داهاتوویەکی نوێ. داهاتوویەک کە سپا لە عێراقدا دەور و کاریگەری خۆی لە دەست بدات . لەم بڕیارە بەدواوە چیدی کەسانی عێراقی ناتوانن هاوکاری سپا بکەن. ئەگەرچی پێویستی بە کات هەیە بەڵام هێزەکانی سپا لە داهاتوودا لە عێراق دەردەکرێن و فێڵ و خۆگۆڕینەکانی سپا بۆ مانەوە لە عێراقدا جگە لەوە کە پارەی وڵات بەبا دەدا هیچ ئاکامێکی بۆ سپا بە دواوە نابێ. لە کۆتاییدا هێزەکانی سەر بە سپای تیرۆریستی پاسداران مەحکوومن بە بەجێهێشتنی وڵاتی عێراق.

**— ساڵانێکی دوور و درێژە کە کورد لە خۆرهەڵات دژ بە دەسەڵاتە سەرەڕۆکان و باڵە سەربازییەکانی دەجەنگێ، کە سپای تێرۆریستی پاسداران بەرچاوترینیانە؛ بڕیاری بە تێرۆریستناساندنی سپا چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی گەلی کورد دەبێ؟**

خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە دژی داگیرکەرانی کوردستان هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە. زۆربەی کاتەکان وڵاتە زلهێزەکان دەوری خراپیان لە بە ئاکام نەگەیشتنی ئەم خەباتە ڕەوادا هەبووە. تەنانەت زۆرجار داگیرکەرانی کوردستان بە هاوکاری ئەو وڵاتانە توانیویانە شۆڕشەکانی کورد بۆ ماوەیەک لاواز بکەن . لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا وڵاتانی زلهێزی جیهانی و ڕۆژئاوایی چاویان لە تیرۆر و کۆمەڵکوژییەکانی سپای پاسداران بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان و شەهید کردنی ڕێبەرانی میللەتی کورد تەنانەت لە خاکی وڵاتانی خۆیاندا نوقاند. ئەم بڕیارە وەک دینامیزمێکی دڵخۆشکەر و ورەبەخش بۆ خەباتکارانی کورد جێگای دڵخۆشییە بەڵام نەتەوەی کورد خەباتی مافخوازانەی خۆی بە شێوەی سەربەخۆ درێژە پێدەدات . هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چیاکانی کوردستان، ڕێبەر و پاڵپشتی هەتاهەتایی خەڵکی کوردستانن. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا ئەم بڕیارە، سپا بەرەو لاوازبوون دەبا و بێگومان لە سەتحی جیهانی و ناوچەییشدا ڕەوایی زیاتر بە خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەدرێ . بە چالاکی زیاتری پێشمەرگانە خەباتی گەلی کورد بەرەو پێشتر دەچێ و لە باری مەعنەوییەوە ڕەوایی زیاتر بە خەباتی هێزی پێشمەرگە دەدرێ .

> **بە چالاکی زیاتری پێشمەرگانە خەباتی گەلی کورد بەرەو پێشتر دەچێ و لە باری مەعنەوییەوە ڕەوایی زیاتر بە خەباتی هێزی پێشمەرگە دەدرێ .**

> **ئەم بڕیارە وەک دینامیزمێکی دڵخۆشکەر و ورەبەخش بۆ خەباتکارانی کورد جێگای دڵخۆشییە بەڵام نەتەوەی کورد خەباتی مافخوازانەی خۆی بە شێوەی سەربەخۆ درێژە پێدەدات .**

**— دەرکردنی ئەم بڕیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کوێی هاوکێشەکان جێ دەگرێ؟** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە وەک لە پرسیاری پێشووشدا ئاماژەمان پێکرد کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ماوەی چل ساڵە لەدژی ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییەدا شەڕ دەکات.

بەشی هەرە زۆری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتانە کە لەمە بەدواوە حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەیگرنە بەر. شێوەی هاوکاری کردنیان لەگەڵ یەکتری، پەرەدانی زیاتر بە خەباتی پێشمەرگانە، تێگەیشتنی دروست لە سیاسەتە ناوچەیی و جیهانییەکان و تەعامولی دروست لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە، بەهێزکردنی دەزگای دیپلۆماسی و لابیگەری لە ناو وڵاتانی ڕۆژئاواییدا و زۆر کاری دیکە کە دەتوانێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هاوکێشەکاندا بکاتە هێزی شوێندانەر. مێژووی چل ساڵ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دژی سپای تیرۆریستی پاسدارانی ئێران، مێژوویەکی پرشنگدارە کە پوتانسیەلگەلی ئەرێنی زۆری لە خۆیدا حەشار داوە. لەم کاتەدا نەتەوەی کورد و بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەتوانێ شانازی بە خۆی و ڕابردووی بکات کە دەیان ساڵە ئاڵاهەڵگری خەبات بە دژی هێزێکی تیرۆریستییە کە تیرۆر و ئینسانکوژییەکانی هیچ سنوورێکی جوغرافی و ئەخلاقی ناناسێت. هەر وەک عەرزم کردن لەمڕۆ بەدواوە هەموو تاکێکی کورد دەبێ بۆ تێگەیاندنی خەڵک و وڵاتانی دەرەوە لە خەباتی درێژماوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە دژی تیرۆریستانی سپا بێتە مەیدانی چالاکی دیپلۆماتیکەوە. بە هەمووی ئەو شتانە کە عەرزم کردن، پێموایە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە داهاتوودا دەوری زۆر ئەساسی دەبینێ لە هاوکێشەکانی ئێران و ناوچەدا و وەک هێزێکی کاریگەر و ناسیاو و خۆشەویستی هەموومان حیسابی لە سەر دەکرێ .

**— لە کوردستانی ئێراندا کۆمەڵێک کوردی فریوخواردوو هەن کە بە "جاش" دەناسرێن و سەر بە سپا و دامودەزگاکانی سەر بەم ڕێکخراوە تێرۆریستییەن؛ چوونە نێو لیستەی تێرۆری سپا ئەو کەسانەش دەکاتە ئامانجێکی "بالقوە" بۆ ئامریکا و بەرەی دژەتێرۆر. سەبارەت بەم پرسە دەڵێن چی؟**

بەڵێ ، ئەوە ڕاستە کە لەمە بەدواوە ئەمریکا و لەوانەیە لە داهاتوویشدا وڵاتانی دیکەش ئەندامانی سپا وەک تیرۆریستێک دەناسن و بە پێی یاسای تیرۆر لەگەڵیان دەجووڵێنەوە. ئەم بڕیارە هەموو جمگە و مۆرە ئینسانییەکانی سپا دەگرێتەوە بە جاشەکانیشەوە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرەڕای ئەوە کە زۆر کات لەم کەسە فریوخواردوانەوە تووشی زەرەری گیانی بووە بەڵام هەمیشە بەپێی یاسا و عەقڵانییەتی دروست لەگەڵ ئەم کەسانە هەڵسوکەوتی کردووە. تەنانەت زۆر جار ئەو کەسانە بە ئامۆژگاری یان بەخشین ڕزگاریان بووە . لەمە بەدوایشەوە بێگومان حیزب هەر بەپێی بڕیار و یاساکان درێژە بە خەباتی خۆی بە دژی داگیرکەر و دەست و پێوەندەکانی دەدا . ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانە کە ئەم بڕیارەی ئەمریکا تا چەندە ئەوانی لەو وەزعییەتە کە تێیدان خەبەر کردبێتەوە. ئەو کەسانە وا باشە دەست لە خەیانەت هەڵگرن و لە هاوکاریکردنی سپای تیرۆریستی پاسداران خۆ ببوێرن . هەتا ئەو شوێنەی بۆیان دەکرێ خۆیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن و بگەڕێنەوە باوەشی خەڵکی خۆیان. هیچ گومان لەوەدا نییە لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ و سپایەک نامێنێ هەتا ئەوان داڵدە بدات، بۆیە پێموایە هەرچی زووتر بگەڕێنەوە ناو خەڵک باشترە .

## دواوتەتان:

وەک دواوتەم حەزدەکەم بڵێم ئێران و کوردستان بە قۆناغێکی چارەنووسساز و زۆر هەستیاردا تێپەر دەبێ. ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە لە بەرانبەر ئەم ڕووداوانەدا بێ هەڵوێست نەبێ و ئەوەی لە دەستی دێت بە قازانجی سەرخستنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بیکات. ئەرکی هەموو لایەکە دڵسۆزانە و بەرپرسانە ئاگامان لە کوردستان و کورد بێت. پارێزەری بەها و دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمان و گیانی پێشمەرگەکان بین و هاوکاریان بکەین. بڕیاری بە تیرۆریست ناساندنی سپا بڕیارێکی گرینگە و بارودۆخی ناوخۆی ئێرانیش بە جۆرێکە کە زەمینەی چالاکی زیاتری هەمەلایەنەی بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری تێدا بەدی دەکرێ، بۆیە سەرەڕای زانین و کەڵکوەرگرتن لەو ئەبزارانەی کە لە بەردەستدان یان دێنە پێش، دەبێت خۆڕاگرانە پشت بە خەباتی ڕاسانی ڕۆژهەڵات ببەستین و ئاگادار بین کە شتە لاوەکیەکان بە لاڕێماندا نەبەن .

ئیتر هیوای سڵامەتی و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.

# ئێستاش لە بێرلین دادوەر هەیە

فایلی PDFی کتێبی " ئێستاش لە بێرلین دادوەر هەیە" بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە.
کتێبی " ئێستاش لە بێرلین دادوەر هەیە" لە نووسینی "مێهران پایەندە، عەبباس خوداقوڵی و حەمید نەوزەری" لە سوشیال میدیای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کرایەوە.
ئەو کتێبە لە لایەن " سامان ڕەحیم زادە" بە زمانی کوردی وەرگێردراوەتەوە.
کتێبی "ئێستاش لە بێرلین دادوەر هەیە" باس لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی دادگای میکۆنوس دەکات.
ئەو کتێبە بە زمانی فارسیش بۆ خوێنەران لەبەر دەست دایە. ئەو کتێبە لە لایەن "چامەنی "نیما" چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی) لە پەلامارێکی تیرۆریستیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بۆ سەر ڕێستورانی میکۆنوس لە شاری بێرلینی ئاڵمان، دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکرات لەگەڵ فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و هۆمایون ئەردەڵان شەهید کران.
بڕیاری دادگای میکۆنوس لە ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی ڕاگەیەندرا و کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە بریتی بوون لە عەلی خامنەیی، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، عەلی ئەکبەر ویلایەتی و عەلی فەلاحیان وەک بکەرانی ئەو تیرۆرە ناسێندران.

## "ناونیشان"

من بەجێماوی ڕووبارێکی
خنکاوم
دارێکم، بە کاتی پەڵکی
بەدەستی داران براوم.
گلێنەم من کە چاوێک
بە دەستی خۆی کوێری
کردم
باڵندەیەک دیل کراوم
کە باڵ خۆی فێری بەندی
کردم.
لات سەیر نەبێ
لەم وڵاتەی من لێی
دەژیم
دار، دار دەبڕێ.
ئاو بە دەستی ئاو دەخنکێ.
باخەوان گوڵ دەژاکێنێ
دڵ خۆی ترپە دەوەستێنێ،
لەوش سەیرتر
ئاگر،
ئاگر دەسووتێنێ...
هەر لەمێژە فێر کراوم
تابۆکان هەر دەبێ بێ
نەیشکێنم...
نا ناتوانم
لاشەم گەرچی وەک
نەچیر و بەندکراوە
هزرم هێشتا هەر ڕووناکە
، نە سووتاوە
من تینووی جوانی و
ئەوینم
من مردووی یەک چرکە
ژینم.
من تابۆ و بوت و بوتخانە
بەڵێن دەدەم بە دەستی
خۆم ئەیڕمێنم....

ساریژ ڕەمەزانی

## خەڵکی کوێم؟ نازانم!

ڕەحیم لوقمانی

شارم کتێبی موقەددەسی بەر دڵانە
ئایەتی کۆڵان و سوورەتی شەقامانی
تۆخ تۆخ بێ ڕەنگی نووسیویە و
هەرا هەرا بێ دەنگی دەیخوێنێتەوە.
هەموو ڕۆژێ
من چیرۆکی پرتووکاوی کۆڵانانی
بە چاوی دڵ دەخوێنمەوە
وشەی ون بووی شەقامانی
بە هەودای گیان دەهۆنمەوە.
لە چاومدا سیمای پیاوان،
پەیکەرەی بەردینی خەواڵووی گەڕۆکن
خەرمانی خەون و خەندەیان دەکرۆژێ،
خەمی تەنوورینی نانێك.
ژنان، پەیکەرەی خەمپۆشی ئازادین
بە بزەی سەهۆڵینەوە هێور هێور
شایانەی ماتەمێك دەگێڕن،
لە پرسەی ئازادیدا.

لێرە، هەندێ قەڵەمان
ئەسپی چەواشەی بەدرەوتی ڕەتێنراون
بۆ نان و ناو
قوڕاویی، لە زۆنگاوی بازرگانی ئەدەب و
ڕۆژنامەی نابەدڵ!
بۆ نان و ناو
تۆزاویی، لە پاشکۆی درۆسوارانی سالاری شار!
ڕۆحی هونەر
پلیکانی شان قوڕاوی سەرشەقامێکی گشتییە
هەموو کەس لێی سەر دەکەون!

خەڵکی کوێم؟ نازانم!
هەرچەندی لە مەرگستاندا ژین دەچێنم
گوڵی ئەم خاکە بۆنی تەڵخی تەڵخە و
ڕەنگی ئەوین تاڵی تاڵ و نامۆی نامۆ،
لە زاری عەشقباری شێعرمدا!

هەڵۆی ئەندێشە دوێنێ
لە سێبەری سووتاوی دارە وشکەڵەکانی حەسرەتی
شاخ
لە خەندەی چەکەرەیەك باڵی دەگرت
ئەمڕۆ لە ئارەقی شەرمی لووتکە
کە لانەی قورسی قشقەڕانی لە پشتە
سەد جار دەمرێ بە سووکە ڕامانێ!
بەڵام قەل بە تاجی شاخەوە
بە قرمەقرمی قاقاوە، بیرمەند بیرمەند
لە بناری کۆڵەواری ئەندیشە دەڕوانێ!

من خەڵکی کوێم
لێرە ئەمڕۆ
هەڵۆی مەستی هاژەی بەڵێن و دروشمان
لە زۆنگەڵانی نزمی ژینی زارەوە
شالاوی تا بەر پێی سێبەری خۆیشی بڕ ناکات!
یارانی مەنگی ئەم شەقامی پڕ لە چرا سوورەی
مێژوو
لە دەلاقەی دووکەڵینی بافوورەوە
نەخشەی خەونی ڕەنگاوڕەنگی
کوردستان و عەشق و ئازادیم دەکێشن!

ئەی زێدی بێزراو کە هەزاران ساڵە
من پیخۆری ماری چرکەکانی ژیانی تۆم
دە پێم بڵی
کەی ناوی ئەم عاشقە بێ ژوانگەیە
دەچێتە ناو گیرفانی پشکێنراوی بێ پێناسەت؟
دەپێم بڵێ
کەی من دەبم بە خاوەنی خاکی تۆ، کەی؟

خەڵکی کوێم؟ نازانم!

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:748 20 April. 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia





ڕێژیمی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا بووەتە پاڵپشتی هەرە گرینگی تیرۆریزم کە بەشێک لە چالاکییەکانی بریتین لە دامەزرانی ڕێکخراوی تێرۆریستی حیزبوڵلا لە لوبنان و ئەنجامدانی چالاکی تیرۆریستی لە حیجاز و وڵاتانی ناوچەی کەنداو و عەرەبستانی سعوودی و عێراق و سووریە و یەمەن.

لێرەدا چەند نموونەیەک لە کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دەخەینە ڕوو:

دانانەوەی بۆمب لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بە دەستی ڕێژیمی ئێران:

١. دانانی بۆمب لە باڵوێزخانەی عێراق لە ساڵی ١٩٨١ی زایینی کە بوو بەهۆی کوژرانی ٦١ کەس و بریندار بوونی ١١٠ کەسی دیکە

٢. لە ساڵی ١٩٨٣ی زایینی؛ دانانی بۆمب لە باڵوێزخانەی ئامریکا لە بەیرووت بەدەستی حیزبوڵڵا و کوژرانی ٦٣ کەس

٣. لە ساڵی ١٩٨٣ دا، سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، بۆمبێکیان لە بەیرووت لە بنکەی چەکدارانی دەریایی ئامریکا دانا کە بووە هۆی کوژرانی ٢٤١ کەس و بریندارbوونی ١١٠٠ کەس لە پێرسونێلی هێزی دەریایی و خەڵکی ئاسایی.

٤. لە ساڵی ١٩٨٣ی زایینی بنکەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتی فەڕانسە لە بەیرووت بە دەستی حیزبوڵڵا بۆمبڕێژ کرا کە هاوکات بوو لەگەڵ کوشتاری هێزەکانی ئامریکایی، و لەم کارەساتەدا ٦٤ کەس لە هێزە چەکدارەکان و خەڵکی ئاسایی فەڕانسە کوژران.

٥. لە هەمان ساڵدا، کاربەدەستانی حیزبوڵڵا و حیزبی ئەلدەعوە بە پاڵپشتی ڕێژیمی ئێران، چالاکییەکانیان دژی باڵوێزخانەی وڵاتانی ئامریکا و فەڕانسە لە وڵاتی کوەیت و پاڵاوگەی نەوتی ئەم وڵاتە ئەنجام دا کە بووە هۆی کوشتنی ٥ کەس و بریندار بوونی ٨ کەس.

٦. لە ساڵی ١٩٨٥ دا تێرۆری ئەمیری کوەیت شێخ جابر ئەحمەد ئەلسەباح کە سەرکەوتوو نەبوو بەڵام بووە هۆی کوژرانی خەڵکی ئاسایی.

٧. لە ساڵی ١٩٨٦ دا دنەدانی حاجییەکان بۆ ئاژاوەنانەوە لە کاتی حەج کە بوو بە هۆی کوژرانی ٣٠٠ کەس لە کاتی حەجدا.

٨. لەساڵی ١٩٩٤ دا کاربەدەستانی پلەبەرزی ڕێژیمی ئێران لە بوینێس ئایرێس پیلانی بۆمبڕێژکردنی ناوەندی ئامیایان داڕشت کە بەهۆیەوە ٨٥ کەس کوژران و ٣٠٠ کەسیش بریندار بوون.

٩. لە ساڵی ١٩٩٦ دا حیزبوڵڵای حیجاز بۆمبێکی لە بورجی ئەلخەیبەر لە وڵاتی سعوودیە دانا کە بوو بەهۆی کوژرانی ١٢٠ کەس کە ١٩ کەسیان ئامریکایی بوون.

١٠. دانان و تەقاندنەوەی بۆمب لە وڵاتی بەحرەین و ریاز لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە دەستی ڕێژیمی ئێران
١١. دانانەوەی بۆمب لە ئامیا و کوژرانی ٨٥ کەس لە یەهوودییەکانی ئارژانتین لە ساڵی ١٩٩٤دا
١٢. پیلانی تێرۆری باڵوێزی عەرەبستانی سعوودیە عادل ئەلجوبەیر ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی لە ئامریکا
١٣. دانانەوەی بۆمب لە بانکۆک لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی
١٤. دانانەوەی بۆمب لە دێهلی نوێ لە هێندوستان لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی
١٥. کردەوەی تێرۆریستی لە بەحرەین ساڵی ٢٠١٥ی زایینی
١٦. زنجیرە کردەوەی تێرۆریستییەکان لە عێراقدا کە بەهۆیەوە ١١٠٠ سەربازی ئامریکایی کوژراون.
١٧. کردەوەی تێرۆریستی لە کێنیا لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی
١٨. هاوکاریی لەگەڵ ئەلقاعیدە و داڵدەدانی بنەماڵەی بن لادن لە تاران
١٩. دانانەوەی بۆمب لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی لە پاریس
٢٠. مووشەکبارانی بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا
٢١. بۆمبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی
٢٢. تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی
٢٣ تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە ڕێستۆرانی میکۆنۆسی ئاڵمان
٢٤. تێرۆری نزیک بە ٤٠٠ ئەندام، کادر، پێشمەرگە و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان

تۆڕە سیخوڕی و تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە ڕابردوودا بە کەڵك وەرگرتن لە ڕێوشوێنە دیپلۆماتیك و سیاسییەکان و دانانی دەمامکی دیپلۆمات بوون، دەیان کەس لە چالاکانی ئۆپۆزیسیۆن و ئازادیخوازانی کورد و ئێرانییان لە وڵاتانی ئورووپاییدا تیرۆر کردووە نموونەی هەرە بەرچاویان شەهیدکرانی ڕێبەری ناوداری گەلی کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هەروەها دوکتور سادق شەرەفکەند و هاوڕێیانیانە.